# كاريگەری حوكمڕانی دروست لەسەر ئەركە ئەداییەكانی سیستەمی سیاسی

د. عابد خالد رسول*　　　　م. پێشڕەو علی محمد امین**

وشە كلیلییەكان: حوكمڕانی دروست، سیستەمی سیاسی، ڕێكخستن، دابەشكردن، ئەدای ڕومزی.
https://doi.org/10.31271/jopss.10028

**پوختەی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێكە لەپێناو دۆزینەوەی ئەوەی كە حوكمڕانی دروست چ كاریگەریەكی لەسەر ئەركەكانی سیستەمی سیاسی هەیە، لەم چوارچێوەیەشدا جیاوازی نێوان ئەو وڵاتانەی كە پەیرەوی بنەما و ئامرازەكانی حوكمڕانی دروست دەكەن لەگەڵ ئەو وڵاتانەی كە پەیرەوەییان ناكەن دەردەخات، بۆ زانینی ئەوەی كە ئەركەكانی سیستەمی سیاسی تا چ ڕادەیەک كاریگەرن بەئاستی جێبەجێكردنی ئەو بنەما و ئامرازانە، كە وەك نیشاندەرێك بۆ حوكمڕانی دروست دەستنیشانكراون. ئەم توێژینەوەیە تەنها ئەركە ئەدائییەكانی كردۆتە چەقی شیكردنەوە و ڕاڤەكردن، كە ئەوانیش بەگشتی چوار ئەركی سەرەكین و بریتین لە: (وەدەرهێنان)، (دابەشكردن و دوبارەدابەشكردنەو)، (ڕێكخستن) و (ئەركی ڕەمزی). هەرچی ئەركی یەكەم و دووەمە تاڕادەیەک سروشتێكی مادییان هەیە، بەڵام ئەركی سێیەم و چوارەم تاڕادەیەک سروشتێكی نامادییان هەیە. ئەم توێژینەوەیە لە پێناو سەلماندنی دیدگا و گریمانەكانیدا هەوڵیداوە داتا و ژمارەی ئەو ڕێكخراوە نێودەوڵەتیانەی كە تایبەتمەند لە بواری حوكمڕانی دروستدا بكاتە پێوەرێكی زانستی بۆ ئاشكراكردنی ڕادەی كاریگەربوونی ئەركەكانی سیستەمی سیاسی بە بنەما و ئامرازەكانی حوكمڕانی دروست، بەمەش لەكۆتیایدا چەند ئەنجامێكی گەڵاڵەكردووە.

**ملخص البحث:**

**تاثير الحكم الرشيد في الوظائف الأدائية للنظام السياسي**

يشكل هذا البحث محاولة فى سبيل إكتشاف كيفية تأثير الحكم الرشيد في وظائف النظام السياسي، وقد عرض في هذا الاطار الفرق بين البلدان التى تطبق مبادئ الحكم الرشيد وآلياته و البلدان الى لم تطبقها، وذلك لمعرفة مدى تأثر وظائف النظام السياسي بالمبادئ والآليات التى حددت بوصفها مؤشرات للحكم الرشيد. وقد إتخذ البحث من الوظائف الأدائية للنظام السياسي مركز للشرح والتحليل،

* بەڕێوەبەری بەشی ئاسایش وسیاسەتی گشتی لە سەنتەری لێكۆڵینەوەی ئایندەیی، پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە كۆلیجی زانستە ڕامیارییەكان لە زانكۆی سلێماني: abid.rasul@centerfs.org　abid.rasul@univsul.edu.iq

** خوێندكاری دكتۆرا لە كۆلیجی زانستە ڕامیارییەكان لە زانكۆی سلێماني، مامۆستا لە زانكۆی گەشەپێدانی مرۆیی: peshraw.ali@uhd.edu.iq

التي تشمل عموما أربع وظائف أساسة وهي: (الوظيفة الاستخراجية)، (وظيفة التوزيع وإعادة التوزيع) و(الوظيفة التنظيمية) و(الوظيفة الرمزية). وقد استخدم البحث بيانات وتقارير المنظمات الدولية المتخصصة في مجال الحكم الرشيد لإثبات إفتراضاته وبيان مدى تأثر وظائف النظام السياسي بمبادئ الحكم الرشيد وآلياته، ووصل من خلالها الى جملة من الإستنتاجات.


**Abstract:**

**The impact of Good Governance on the Performance Functions of the Political System**

In this research we have tried to gain that truth which what are the impacts of good governance on the functions of political system, and what is the difference between the country who implement the characteristics of good governance and who are not, and then through this going to discover that which the political system how much influence by characteristics that show as indicator of good governance, when we are just Explanation, analysis of the Performance functions of political system, that consist of Extractive, Distributive and Redistributive, Regulation, and Symbolic function, and we have used the data and reports of international organization who are specialized in good governance filed as scientific mishear to selected the impact good governance characteristics on political system and then gain the target of our research.

# پێشەکی

حوكمڕانی دروست وەك چەمكێكی تازەی ناو زاستە مرۆڤایەتیەكان، لە ناویشیاندا زانستی سیاسەت، بۆتە جێگەی باسوخواسی زۆرێك لە بیرمەندان وئەكادیمییانی دونیا، بە تایبەتی لە وڵاتانی پێشكەوتوودا، هەروەها گرنگیەكی زۆری لە لایەن ڕێكخراوە حكومی و ناحكومیە جیهانی و لۆكەڵیەكانەوە پێدەدرێت، لە ناویشیاندا ڕێكخراوەكانی سەر بە نەتەوەیەگرتووەكان. ئێستا بنەما و ئامرازەكانی حوكمڕانی دروست بونەتە پێودانگی زۆرێك لە وڵاتان و ڕێكحراوانی جیهان بۆ پێوانەكردن و هەڵسەنگاندنی ئەركەكانی سیستەمی سیاسی، ئەمەش وادەكات گرنگی تایبەت بە بواری پەیوەندی نێوان حوكمڕانی دروست و سیستەمی سیاسی بدرێت. لەوچوارچێوەیەشدا ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات پەیوەندی نێوان حوكمڕانی دروست و ئەركە ئەداییەكانی سیستەمی سیاسی گەنگەشەبكات.

**گرفتی ئەم توێژینەوەیە**، لە پرسیارێكی سەرەكیدا بەرجەستە بووە ئەویش ئەوەیە كە: ئایا حوكمڕانی دروست لەڕێگەی ئامراز و بنەماكانیەوە چ كاریگەرییەكی لەسەر ئەركە ئەدائییەكانی سیستەمی سیاسی هەیە؟ لەگەڵ چەند پرسیارێكیتری لاوەكی وەك: ئایا حوكمڕانی دروست چیە؟ ئەی ئامرازەكانی كامانەن؟ سیستەمی سیاسی چیە؟ ئەی ئەركە ئەدائییەكانی چین؟

بۆ وەڵامدانەی پرسیارە سەرەكییەكەی سەرەوە، توێژینەوەكە **گریمانەی ئەوە دەكات** كە جێبەجێكردنی بنەما و ئامرازەكانی حوكمڕانی دروست كاریگەری ڕاستەوانەی لەسەر ئەركە ئەدائییەكانی سیستەمی سیاسی هەیە.

بۆ **میتۆدی توێژینەوەكە**، لەبەرئەوەی بە شێكی پێداچونەوە و داڕشتنەوەی زانیارییە ( literature review)، بۆیە هەر یەک لە میتۆدی وەصفی بۆ ناساندنی چەمكەكان و میتۆدی شیكاری بۆ شیكردنەوەی كاریگەری نێوان گۆڕاوەكان و میتۆدی بەراودكاری بۆ خستەڕوی جیاوازی و لێكچوونی نێوان وڵاتان بەكارهاتووە.

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەكان و سەلماندنی گریمانەكەی سەرەوە **پەیكەری ئەم توێژینەوەیە**، سەربارى پێشەكی دەرئەنجامەكان، لە دوو باسی سەرەكی پێكهاتووە، لە باسی یەكەمدا بایەخ بە ناساندنی چەمكەكانی توێژینەوەكە دراوە، ئەویش لە دوو تەوەردا، یەكەمیان تایبەتە بە حوكمڕانی دروست و ئامرازەكانی، تەوەری دووەمیش تەرخانكراوە بۆ سیستەمی سیاسی و ئەركە ئەداییەكانی، هەرچی باسی دووەمی توێژینەوەكەشە، بایەخی بە شیكردنەوەی كاریگەری ئامرازەكانی حوكمڕانی دروست لەسەر ئەركە ئەداییەكانی سیستەمی سیاسی داوە، ئەویش لە دوو تەوەردا، كە لە یەكەیماندا كاریگەری ئامرازەكانی حوكمڕانی دروست لەسەر ئەركە ئەدائییە مادییەكان باسكراوە، لە تەوەری دووەمیشدا كاریگەری ئامرازەكانی حوكمڕانی دروست لەسەر ئەركە ئەدائییە نامادییەكانی سیستەمی سیاسی خراوەتە ڕوو.

## باسی یەکەم: چەمکی حوکمڕانی دروست و ئەرکە ئەداییەکانی سیستەمی سیاسی

لەم باسەدا، بایەخ بە هەردوو چەمکی حوکمڕانی دروست و ئەرکە ئەداییەکانی سیستەمی سیاسی دەدەین، لە دوو تەوەرەوەدا، لەیەکەمیاندا شیکردنەوەیەکی کورت بۆ واتای حوکمڕانی دروست و گرنگترین ئامرازەکانی دەکەین، لە تەوەری دوەمیشیاندا چەمکی باسی ئەرکە ئەداییەکانی سیستەمی سیاسی دەکەین.

### تەوەری یەکەم: چەمکی حوکمڕانی دروست و ئامرازەکانی

ئەم تەوەرە دابەشدەکەین بەسەر دوو لقدا، یەکەمیان بۆ پێناسەی حوکمڕانی دروست تەرخان دەکەین، لە لقی دووەمیشدا باسی ئامرازەکانی حوکمڕانی دروست دەکەین.

#### لقی یەکەم: پێناسەی حوکمڕانی دروست:

هەرچەند چەمکی (حوکمڕانی دروست یان حوکمڕانی باش – الحكم الصالح او الحكم الرشيد – Good Governance) چەمکێکی نوێیە لەساڵانی کۆتایی سەدەی بیستەوە بایەخی پێدراوە، بەڵام پێناسەی زۆری بۆ کراوە، کە لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو.

(بانکی نێودەوڵەتی – Word Bank) کە پێشەنگە لە گرنگیدان بەم ئەم چەمکە وا پێناسەی دەکات کە: "بریتییە لەو شێوازی کە دەسەڵات بۆ بەڕێوەبردنی سەرچاوە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکانی وڵاتێک لەپێناو گەشەپێدانیدا دەیگرێتەبەر"[١]، بەپێی ئەمەش حوکمڕانی دروست هاو واتای بەڕێوەبردنێکی گەشەندەخوازە بۆ وڵاتێک. بەڵام (پرۆگرامی گەشەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان – UNDP) وا پێناسەی (حوکمڕانی دروست) دەکات کە: "بریتییە لە پیادەکردنی دەسەڵاتی ئابوری وسیاسی وکارگێڕی بەشێوەک کاروباری کۆمەڵ ڕاییبکات لەسەرجەم ئاستەکاندا، بۆیە هەموو ئەو ئامراز و کردار و دەزگایانە لە خۆدەگرێت کە هاوڵاتیان و کۆمەڵەکان لە ڕێگەیانەوە بەرژەوەندییەکان دەپارێزن و مافە یاساییەکانیان پیادەدەکەن و لەڕێگەیانەوە ناکۆکی و ململانێکانیان چارەسەردەکەن"[٢]. هەروەها ڕای وایە کە ئامرازەکانی ئەم حوکمڕانیە بریتین لە بەشداریکردن، لێپرسنەوە، شەفافیەت، سەروەری یاسا، و پاراستنی پێشینەیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری، بە پێی سازانی زۆرینە. بۆیە حوکمڕانی دروست لە ڕوانگەی گەشپێدانی مرۆییەوە بریتیە لەو حوکمڕانیەی کە پاڵپشتی خۆشگوزەرانی مرۆڤەکان دەکات و تواناو بژاردەکانیان فراوان دەکات و هەل و ئازادییە سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا، لەپێناو باشکردن و بەرەوپێشبردنی ژیان و ئاستی گوزەرانیان دەڕەخسێنێت.

هاوکات، هەندێکیتر پێناسەی حوکمڕانی دروست پەیوەست دەکەن بە پرۆسەی داڕشتن و جێبەجێکردنی بڕیارەوە، بەشێوەیەک داڕشتنی بڕیارەکان نەك تەنها (ڕاست و دروست) بن بەڵکو

(1) World Bank, Governance And Development (Washington: World Bank Publication,1992), P.3

(2) UNDP, The Arab Human Development Report, New York, 2002, p.105.

ئەوپەری توانا و باشترین ڕێگە بۆداشتنی باشترین بڕیار گیرابێتەبەر[1]. بەپێی ئەمەش حوکمڕانی دروست، بریتیە لە پرۆسەی دروست کردنی بڕیاری دروست (good decision) بڕیارێك کە بە ڕێگەیکی دروست گەڵاڵە کرابێت و توانای جێبەجێکردنیشی بەشێوەیەکی پراکتیکی هەبێت.

کەواتە وەک دەبینین پێناسەکانی حوکمڕانی دروست زۆر و فرە ڕەهەندن، بەشێوەیەک هەندێکیان زیاتر گرنگیان بە لایەنی ئابوری و گەشەپێدان داوە و هەندێکتریان زیاتر گرنگیان بەلایەنە سیاسیەکەی داوە، بەڵام لە ئەنجامی ئەم پێناسانە دەتوانین دوو خاڵ گەڵاڵە بکەین:

١- دەکرێت بۆ مەبەستی ئەم توێژینەوەیە پێشنیاری ئەم پێناسەیە بکەین: (حوکمڕانی دروست بریتیە لەو شێوازە لە حوکمڕانی کە تێیدا بەشداری هاوڵاتیان و کۆمەڵگەی مەدەنی کارایە و پرۆسەی دروستکردنی بڕیار پرۆسەیەکی شەفافە، لە پیناو دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی و گەشەپێدان بۆ هاوڵاتیان و چارەسەرکردنی کێشەکانیان بە شێوەیەکی کارامە و لێهاتویانە).

٢- حوکمڕانی دروست بەرئەنجامی پیادەکردن و جێبەجێکردنی چەند بنەماو ئامرازێکە لە کردەی حوکمڕانیکردنی وڵاتێکدا، لە گرنگترینیان ئەو ئامرازانەش: بەشداری سیاسی فراوان وبەرپرسیاری میللی وبەرژەوەندی گشتی و دادپەروەری وشەفافیەت وسەروەری یاسا ومافەکانی مرۆڤ، کە دواتر بەکورتی باسیان دەکەین.

### لقی دووەم: ئامرازەکانی حوکمڕانی دروست:

ئامراز و تایبەتمەندیەکانی گەیشتن بە حوکمڕانی دروست زۆرن، کە پێدەچێت کاریگەری تەواویان لەسەر سیستمی سیاسی بەهەموو پێکهاتەکانیەوە هەبێت ، بەڵام لە روی چەندیتیەوە بە پێی سەرچاوەکانی دیاریکرنی ئەم ئامراز وتایبەتمەندیانە دەگۆرێن، وە هەروەها پێشەنگی ئەم ئامرازانە لەروی جێبەجێکردنەوە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆرێت، هەرچەندە لەروی بابەتیەوە هەمویان هەڵگری یەك ناواخن و ئایدیان دەتوانین ئەوانیش لە چەند خالێك کۆ بکەینەوە کە ئەمانەی لای خوارەوەن:

**یەکەم- بەشداری ونوێنەرایەتی سیاسی** (Political articipation and Representation):
زامنکردن و هاندانی سەرجەم هاوڵاتیان بۆ بەشداریکردن لە دروستکردنی بڕیارەکاندا[2]، بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕەستەوخۆ لەلایەن نوێنەری هەڵبژێردراوەوە [3]، ئەمە وێڕای زامنکردنی ئازادی ڕادەربڕین ودروستکردنی ڕێکخراو[4].

(1) http://www.goodgovernance.org.au/about-good-governance/what-is-good-governance/
(2) UNDP, Governance for Sustainable Development, New York, 2014, P. 8.
(3) UNDP Report, Governance for Sustainable Human Development, new York, Oxford University Press, 1997, p.104
http://www.goodgovernance.org.au/about-good-governance/what-is-good-governance/
(٤) عبير مصلح، النزاهة والشفافية والمساءلة في مواجهة الفساد،الائتلاف من أجل النزاهة والمساءلة، رام الله، ط٣، ٢٠١٣، ص٤٦.

**دووەم- سەروەری یاسا** (Rule of law): جێبەجێکردن وسەپاندنی یاساکان بەسەر هەموو کەس ولایەنێکدا بێ جیاوازی بەیەکسانی، ئەمەش پەیوەستە بە بوونی هێزی ئاسایشی ناوخۆی بێ لایەن ودەزگای پۆلیسی دوور لە گەندەڵی و دامەزراوەی دادوەری سەربەخۆوە[١].

**سێیەم شەفافییەت** (Transparency): ئازادی دەسکەوتنی زانیاری لەسەر کۆی کار و دەزگاکانی حکومەت دەگەیەنێت، لەگەڵ خستنەڕووی زانیاری دروست وڕوون لەسەریان، کە یارمەتیدەربێت لە تێگەیشتن وچاودێریکردنی ئەو کار ودەزگا وپرۆژانە[٢]. ئەمەش بە بوونی ئەم خاڵانە دەبێت: ڕونی لە ڕێسا ویاسا وبەرپرسیارێتی؛ بەردەستبونی زانیاریەکان بۆ جەماوەر؛ واڵایی لە دانان و جێبەجێکردن و ئەژماری بودجە؛ وگەڕەنتیکردنی دەستپاکی (النزاهە)[٣].

**چوارەم- وەڵامدانەوەی خێرا** (Responsiveness): بەتوانایی دەزگاکانی حکومەت لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە سەرجەم هاوڵاتیان[٤]، وبەدەنگەوەچوونی داواکانیان لە کاتێکی مەعقولدا[٥].

**پێنجەم- ئاڕاستەی کۆدەنگی** (Consensus orientation): بوونی ناوەندگیری بۆ دروستکردنی کۆدەنگی گشتگیر لەسەر بەرژەوەندی گروپە جیاوازەکان، لەپێناو داڕشتنی سیاسەتەکان و جێبەجێکردنیان لە واقیعدا[٦]، بەتایبەت کە یەکێك لە ئامانجەکانی سیستمی دەوڵەت و دەزگاکانی لە پاڵ داڕشتنی سیاساتی گشتی و ئابوری وڵات بریتیە لە بنیادنان سازان و کۆدەنگی لە نێوان خاوەن بەرژەوەندیە سەرەکیەکاندا (خەڵك؛ کەرتی تایبەت؛ کۆمەڵگەی مەدەنی ودەزگاکانی دەوڵەت)[٧].

**شەشەم- دادپەروەری وگشتگیری** (العدالة والشمول - Equity and inclusiveness): هەستکردنی هەموو لایەک بەوەی بەرژەوەندییان پارێزراوە و کەسیش خۆی بە پەراوێزخراو نەبینێت، ئەمەش وادەخوازێت سەرجەم توێژەکان، بەتایبەت زۆر لاوازەکانیان، هەلی باشکردنی ژیان وهێنانەدی خۆشگوزەرانیان بۆ برەخسێنرێ. بەڵام نابێت یەکسانی تێکەڵ بە نایەکسانی نێوان توانا کەسییەکان بکرێ، چونکە لێرەدا دادپەروەری و یەکسانی واتای پشتگوێخستنی توانا تایبەتیەکانی ئەوانیتر نییە، بۆیە دوو جۆر خوێندنەوە بۆ یەکسانی سەرهەڵدەدات یەکەمیان یەکسانیە بنەڕەتییەکان (وەك بەهایەکی بنەڕەتی) واتە یەکسانی لە ئازادی لە مافە بنەڕەتیەکانی مرۆڤ بە هەموو جۆرەکانیەوە، دوومیش یەکسانی وەك بەهایەکی ئەداتی واتا بۆ پاڵپشی لە بەهایەکی دیکە

(١) سيادة القانون، الموقع الرسمي للأمم المتحدة على الرابط التالي:
https://www.un.org/ruleoflaw/ar/what-is-the-rule-of-law/

(2 ) Oliver, W. Richard, , What is Transparency? McGraw hill, New York, 2004, p.5

(3) Ibid.

(4) Nirmal Kumar, OP. Cit., p.134.

(5) Governance, available on: https://ctgoodgov.com/about-good-governance/the-eight-attributes-of-good-governance/

(6) IFAD, Good Governance: An Overview, Executive Board – Sixty-Seventh Session, Rome, 8-9 September 1999, p.6.

(7) UNDP, Governance Principles, Institutional Capacity and Quality, new York, 2011, p.270.

(بۆنمونە دەوڵەمەندی، زیرەکی و بەهرەکانی تر)[1].

**حەوتەم- توانستی و لێهاتویی** (Effectiveness and efficiency): واتای دامودەزگاکانی حوکم و چالاکیەکانیان بەشێوەیەکبن کە وەڵامدەرەوەی داخوازییەکانی کۆمەڵگابن، ئەویش بە بەگەڕخستنی سەرچاوە بەردەستەکان بە باشترین شێوە. هەروەها واتای بەکارهێنانی بەردەوامی سەرچاوە سروشتیەکان لەگەڵ پاراستنی ژینگە[2]. بۆیە لێرەدا بڕیاربەدەستان دەبێت دیدگایەکی ڕون و دوور مەودایان هەبێت بۆ ئەوەی چۆن بەردەوامی بە پرۆسەی (حوکمڕانی دروست) بدەن لەپێناو بەردەوامی گەشەی ئابوری و کۆمەڵایەتی، بۆ گەیشتن بە باشترین دەرەنجام[3].

**هەشتەم- دیدگای ستراتیجی** (Strategic vision): بریتیە لە بوونی پلان و ئامانجی درێژخایەن بۆ هەموو سێکتەرەکان، بەتایبەتی سێکتەری گشتی، کە دەکرێت زۆرجار لەلایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دابڕێژرێت، هەبوونی ئەم پلانەش کاریگەری تەواوی لەسەر داهاتوی پێشکەوتن و گەشەکردنی کۆمەڵگا و سێکتەرە جیاوازەکان دەبێت، ئەمەش کاتێک دەبێت کە توانای پێشبینکردن و دوربینی بۆ دەرفەت و بەهاکان و بۆ مەترسیی و هەڵەکانیش لە داهاتودا هەبێت[4].

**نۆیەم- لێپرسینەوە** (Accountability): واتا ملکەچبوونی سەرجەم کاربەدەستان لە دەزگانی حکومەت و کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و پارتە سیاسییەکان بۆ لێپرسینەوەی ڕای گشتی و جەماوەر و سەرجەم خاوەن بەرژەوەندییەکان[5]. بەڕای هەندێک بە شێکی زۆری حوکمڕانی دروست بریتیە لە گرەنتیکردنی لێپرسینەوە لە داڕێژەرانی بڕیار ( decisions makers)[6]. چونکە لێپرسینەوە ئامرازی هێنانەدی شەفافیەت و دڵنیابونەوەیە لە ئامرازەکانیتری حوکمڕانی دروست، وەك کارامەیی و یەکسانی و بنەماکانیتر.

وێڕای ئەم ئامرازانە، هەندێک لە توێژەران ئاماژەیان بۆ بوونی چەند مەرج وپێداویستییەکیتر کردووە کە دەکرێت یارمەتی دروست جێبەجێکردنی حوکمڕانی دروست بن، وەک (جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان وسەربەخۆیی دادگاکان، دەوریبوون و خاوێنی هەڵبژاردنەکان، زامنکردنی پلەیەکی گونجاو لە ئارامی سیاسی وئاسایشی ناوخۆیی ودەرەکی ومرۆیی).

(1) Jason C. Myers, The politics of equality an introduction, Zed Books, London and new York, 2010, p.35.
(2) UNESCAP, What is Good Governance?, Available at: http://www.unescap.org/sites/default/files/good-governance.pdf
(3) Mark Bevir, *Encyclopedia of Governance*, SAGE Publications, London, 2006, p.360.
(4 ) Good Governance Guide, Governance Institute of Australia 2016. Available at: file:///C:/Users/Excellence/Downloads/ggg_integrated-organisational-planning.pdf
(5) Dennis A. Rondinelli and others, Public Administration and Democratic Governance: Governments Serving Citizens, A United Nations Publication, USA,2007, p. 8.
(6) Mark Bevir, OP. Cit., p.361.

## تەوەری دووەم: چەمکی سیستەمی سیاسی و ئەرکە ئەداییەکانی

ئەم تەوەرە دابەشدەکەین بەسەر دوو لقدا، لە یەکەمیاندا پێناسەی سیستەمی سیاسیی دەکەین، لە لقی دووەمیشدا باسی ئەرکە ئەداییەکانی سیستەمی سیاسی دەکەین.

### لقی یەکەم: پێناسەی سیستەمی سیاسی

ڕەنگە پێویست نەبێت ئەوە بخەینەڕوو کە چەمکی سیستەمی سیاسی ( النظام السياسي political System ) جیاوازە لە چەمکی ڕژێمی سیاسی (نظام الحكم Political Regime)[١]، کە ئەمەی دووەمیان زیاتر چوارچێوەیەکی یاسایی و شێوەی دەسەڵاتە بەپێی دەستور، بەڵام یەکەمیان زۆر فراوان و گشتگیرترە و پێکداچونێکی تەواوی لە گەڵ کۆی کایە کۆمەڵایەتی و ئابوری و کەلتوییەکان هەیە و پێداگری لەسەر چالاکیەکانی دەسەڵاتە نەک شێوە و ڕوخسارە یاساییەکەی[٢]. بۆیە زۆرێک لە زانا سیاسییەکان بە ڕەچاوکردنی ئەم جیاوازییە پێناسەی سیستەمی سیاسییان کردوە، بۆنموونە (ڕۆبەرت داڵ - Robert Dahl) وا پێناسەی دەکات کە بریتیە لە: "جۆرێك پەیوەندی بەردەوامی نێوان مرۆڤەکان کە هێز و حوکم و دەسەڵات لەخۆدەگرێت"[٣].

هەروەها (گابریێل ئەڵموند - Gabriel Almond) لە پێناسەی سیستەمی سیاسی دەڵێت: "ئەو سیستەمی کارلێکردنەیە کە لە هەموو کۆمەڵگا سەربەخۆکاندا بەدی دەکرێت، و ئەرکی بەدیهێنانی گونجاندن و سازانە لە ناوخۆدا، و بەکارهێنانی کەموزۆری زۆلێکردنی شەرعیشە لە بەرامبەر کۆمەڵگاکانی تردا"[٤]. لەم پێناسەیەی (ئەڵموند)ەوە، کە لەچوارچێوەی میتۆدی شیکردنەوەی (بونیادی – ئەرکی/ البناء – الوظيفي/ Structural - Functional)دا خراوەتەڕوو، دەکرێت وا وێنای سیستەمی سیاسیی بکەین کە خۆی یەکێکە لە بونیادە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا و ئەرکی گونجاندن و سازانی ناوخۆیی و بەرگری ورووبەڕووبونەوەی دەرەکی لە ئەستۆیە، هاوکات خۆشی لەکۆمەڵێک لقە بونیاد (حکومەت، پەرلەمان، دادگاکان، پارتەکان، گرویەکان، هاوڵاتیان، ڕاگەیاندن... هتد) پێکهاتووە و هەریەک لەم بونیادانەش ئەرکێک یان زیاتری لە ئەستۆدایە، کە دەکرێت بەگشتی ئەو ئەرکانەش دابەشبکرێن بۆ سێ جۆر:

١- **ئەرکە سیتسەمییەکان:** کە بریتین لە (بەربژاردنی سیاسی) و (پەیوەندیکردنی سیاسی) و (پیگەیاندنی سیاسی).

٢- **ئەرکە پرۆسیسییەکان:** بریتین لە (گوزارشتکردن لە بەرژەوەندییەکان) و (کۆکردنەوەی بەرژەوەندییەکان) و (داڕشتنی سیاسەتەکان) و(جێبەجێکردنی سیاسەتەکان) و (هەڵسەنگاندنی سیاسەتەکان).

(١) عبد الوهاب علوب، معجم المصطلحات السياسية، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠١١، ص٢٢٦.

(٢) كريم فرمان، في كيفية عمل النظام السياسي، دار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٠٩، ص ١٧.

(3) Robert Dahl, Modern Political Analysis, Prentics Hall, New Delhi, 2nd Edition, p 6.

(4) G. Almond, A Functional Approach to Comparative Politics in G. Almond and J. Coleman, eds. Politics of the Developing Areas, New Jersey, Princeton University Press, 1960, p.7.

**٣- ئەرکە ئەداییەکان:** ئەمانیش برینین لە (ئەرکی وەدەرهێنان) و (دابەشکردن ودووبارە دابەشکردنەوە) و(ڕێکخستن) و (ئەدای ڕەمزی).

لەبەرئەوەی ئامانجی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە زانینی چۆنیتی کاریگەری حوکمڕانی دروست لەسەر ئەرکە ئەداییەکانی سیستەمی سیاسی، لە خوارەوە بەکورتی باسیان دەکەین.

### لقی دووەم: ئەرکە ئەدائییەکان سیستەمی سیاسی

ئەرکە ئەدائییەکان (Performance functions) بریتییە لە دەرهاویشتەکانی سیستەمی سیاسی کە تیایدا بەشێوەی چەند سیاسەتێکی گشتی سیستەم توانای گونجان و سازان لەگەڵ هەریەک لە ژینگەی ناوخۆ و دەرەکی ئاراستە دەکات، دەکرێت بەگشتی ئەم ئەرکانەش دابەش بکەین بۆ دوو گروپ: یەکەمیان ئەرکە ئەداییە مادییەکان، دووەمیشیان ئەرکە ئەداییە نامادیەکەکان.

### یەکەم: ئەرکە ئەدائییە مادییەکانی سیستەمی سیاسی:

ئەم ئەرکانە زیاتر پەیوەستن بە وەدەستهێنانی داهات و شمەك و دابینکردنی خزمەتگوزارییە مادیەکان و دابەشکردنەوەیان بەسەر هاوڵاتیان گروپەکاندا، بەمەش هەردوو ئەرکی (وەدەرهێنان) و (دابەشکردن و دوبارە دابەشکردنەوە) لەخۆدەگرێت.

#### ١- ئەدای وەدرهێنان (الأداء الاستخراجي - Extractive Function)

یەکێك لە ئەرکە سەرکیەکانی سیستەمی سیاسی بریتیە لە وەدەستخستنی سەرچاوەی (Extractive Resources) پێویست بۆ بەڕێوەبردنی وڵات، جا ئیتر ئەو سەرچاوانە مادی بن یان مرۆیی، لە ژینگەی ناوخۆییدا بن یان دەرەکی، لێرەشدا مەبەست لە سەرچاوەکان (Resources) سەرچاوەی خاو، یان تازەن*[1]. دیارترین سەرچاوە وەدەرهاتوەکانیش بریتین لە باج، کۆمەك، خزمەتی سەربازی وکارە خێرخوازیەکان، کە لە خوارەوە بەکورتی هەریەکەیان دەخەینەڕوو:

أ- **باج:** بەگشتی بەیەکێك لە سەرچاوەکانی داهاتی نیشتمانی دادەنرێت لە وڵاتانی جیهان جا لە وڵاتانی پێشکەووبن یان لە وڵاتانی تازە پێگەیشتو و دواکەوتوەکانبن، بەڵام ڕێژەکەی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت، ئەمیش پەیوەندی بە جیاوازی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکانەوە هەیە، لە کۆمەڵگا پیشەسازیەکاندا ڕێژەکەی زیاترە لە چاو ئەو کۆمەڵگایانەی پشت بە کشتوکاڵ دەبەستن، هەروەها پەیوەندی هەیە بە ئاستی توانستی دەزگاکانی وڵات بۆ کۆکردنە و ورێکخستنی ئەو داهاتە، لە گەڵ

---

(*) مەست لە سەرچاوەی خاو، یان سەرچاوەی تازە (new resources)، ئەوەیە کە حکومەت هەوڵدەدات بۆ وەدەرهێنانی ئەو سەرچاوانەی لەوەوپێش سودیان لێوەرنەگیراوە و بۆیەکەم جار بەکاردەهێنرێن، بۆنمونە کاتێك یەکێك بەربژاردە دەکرێت بۆ خزمەتی سەربازی، ئەمە سەرچاوەیەکی خاوی تازەیە.

(1) Michael Hill, The Public Policy Process, fourth edition, England, 2005, p.138.

ئەمەشدا سیاسەتی حکومەت بەرامبەر باجدەران کاریگەری تەواوی لەسەری هەیە[1]. بۆیە باج، ئەو داهاتە وەدرهاتووەیە کە سیستمی سیاسی لە ڕێگەی کاریکتەرەکانیەوە کاربۆ بەدەستهێنانی دەکات لە پێناو دووبارە دابەشکردنەوەی بەسەر هاوڵاتیەکانیدا. لەگەڵ ئەمەشدا زۆر جار بۆ پاڵپشتی بەرهەمی ناوخۆییە، یان بۆ ڕێگریکردن لە ڕێژەی هەڵاوسانە، یاخود بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بودجەی وولاتە، کە هەموو ئەمانەش دەچنە خانەی بەرژەوەندی گشتییەوە، یاخود بۆمەبەستی بەکارهێنانەوەی بەرژەوەندی گشتییە [2].

**ب- هاوکاری:** مەبەست ئەو قەرز و یارمەتییانەیە کە لە دەرەوەی فەراهەم دەکرێن بۆ پارەدارکردنی پرۆژەو و بوژانەوەی وڵات، ئەمانەش زۆرجار وڵاتانی هەژار لە وڵاتانی دەوڵەمەند یان دەزگا و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان وەری دەگرن[3]، وەک بانکی نەختی نێودەوڵەتی، یان دەکرێت زۆر جار بە هۆی کارەساتی سروشتییەوە هاوکاری پێشکەش بە هەندێك وڵاتی کارەسات بار بکرێت جا چ بە پارە و شمەك بێت، یان بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بێت وەک ناردنی تیمی ڕاهێنان و مەشقپێکردنی هێزە ئەمنییەکانی ئەو وڵاتەوە لەلایەن وڵاتێکیترەوە، یان ئەم یارمەتیانە لە چوارچێوەی ڕێکەووتنامەیەکی نوسراودا دەبێت لە نێوان دوو دەوڵەت یان زیاتر، بەرامبەر بە ئەنجام گەیاندنی کارێکی ئاسایشی یان مرۆیی هاوبەش و لە چوارچێوەی یاساو ڕێسا نێودەوڵەتیەکاندا.

**ج- خزمەتی سەربازی:** جۆریکە لە سوود بینین لە سەرچاوەی مرۆیی وڵات، ئەمەش ساڵانێکی زۆرە لە زۆرێك لە وڵاتانی جیهان پەیرەوی دەکرێت لە چوارچێوەی پرۆسەی بانگهێشتکردن بۆ خزمەتی سەربازی (التجنيد العسكرى) کە لە سیستەمێکەوە بۆ سیستەمێکیتر دەگۆڕێت، لە هەندێکیاندا بە شێوەی زۆرە ملێیە و لە هەندێکیتریاندا بەشێوەی خۆبەخشی و ئازادانەیە، لەگەڵ ئەوەش ژمارەی بانگهێشتکراوان بەپێی سیاسەتی سەربازی و ئاسایشی وڵات و بەپێی کات دەگۆڕێت[4]، ئەوەی گرنگە لێرەدا ئاڕاستەکردنی ئەم ودەرهێنانەی سەرچاوە مرۆییەکانە بۆ خزمەتی گشتی.

**د- کاری خێرخوازی و خۆبەخشی:** کە بێ بەرامبەر، یان بەرامبەر کرێیەکی زۆر کەم، وەدەستدەخرێن بۆ بە جێگەیاندنی پرۆژەکانی بەرژەوەندی گشتی. لە ئێستادا زۆرێك لە وڵاتان و بەهاوکاری هەندێك ڕێکخراوی نێودەوڵەتی ئەم جۆرە کارانە لە زۆر بواری خزمەتی گشتیدا بەکاردەهێنن.

**٢- ئەرکی دابەشکردن و دووبارە دابەشکردنەوە (Distributive and Redistributive)**

لەم ئەرکەدا سیستمی سیاسی کاردەکات بۆ دابەشکردن و گواستنەوەی پارە، شمەك، خزمەتگوزاریەکان، پلە و هەلەکان (بە تایبەتی کارکردن)، بۆ تاك وگروپەکانی کۆمەڵگا بە باشترین

(١)کمال المنوفي، مصدر سابق، ص٣٠٠.

(2) Thomas R. Dye, Understanding Public Policy, Pearson, 14th Ed, 2013, p3.

(٣) كمال المنوفي، مصدر سابق، ص ص ٣٠١-٣٠٢.

(٤) كمال المنوفي، مصدر سابق، ص٣٠٢.

شێوەی دابەشکاری، بەمەش سیستەمی سیاسی لە ڕێگەی حکومەتەوە زۆرترین سەرچاوە وەدەرهاتووەکانی بۆ ئەم ئەرکە تەرخاندەکات و بەشێکی زۆری دەزگا و بەرپرسەکانیشی لە دونیای ئەمرۆماندا سەرقاڵی ئەم ئەرکەن(١). هەر لە ڕێگەی ئەم ئەرکەشەوە سیستمی سیاسی، پاڵپشتی کایە جیاجیاکان، وەك ژێرخان و کشتوکاڵ و پیشەزایی و کایەکانیتر دەکات، بەڵام دیارترین شێوازی سیاسەتی دابەشکردن لە ئێستادا و بەتایبەتی لە ولاتانی دیموکرات و بەتایبەتریش ولاتانی ئەوروپی، بەرنامەکانی هاوکاری کۆمەڵایەتی یان سیاسەتی خۆشگوزەرانییە. کە بۆیەکەم جار لە ساڵی ١٨٨٠ لە ولاتی ئەڵمانیا پەیرەویکرا، بۆ وەڵامدانەوەی زیاتری شاڵاوی پیشەسازی و باژێرسازی، و لە پێناو پاراستنی کرێکاران لە بێکاری و ڕوداوی نەخوازراو و نەخۆشی و هەژاری لە کۆتایی تەمەنیاندا. و پاشان لە سەدەی بیستەم و لەساڵانی نێوان ١٩٣٠ بۆ ١٩٧٠ لە زۆرێك لە ولاتانی پێشکەوتووی پیشەسازیدا پیادە کرا، پاشان بە درێژایی کات بازنەی پیادەکردنی ئەم سیاسەتە فراوانتر بوو، تا گەیشتە لەخۆگرتنی چەندین کایەی ژیان، لەوانەش: هاوکاری کەم ئەندامان، خوێندنی گشتی و دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبون، هاوکاری منداڵ و بەخێوکەرانی مناڵ، بیمەی نەخۆشی و تەندروستی و زۆرێك لە سیاسەتە کانی تری دابەشکردنەکان(٢).

جیاوازی نێوان دابەشکردن و دووبارەدابەشکردنەوەش پەیوەستە بە جۆری ئەو سەرچاوەیەی دابەش دەکرێت، لە یەکەمدا سەرچاوەی تازە و خاو (new resources) دابەش دەکرێت، بەڵام لە دووەمدا گۆرانکاریی لە دابەشکردندا دەکرێت نەك دابەشکردنی سەرچاوەی نوێ(٣).

هۆکارێکی سەرکی هەژاری و نەداریش وەك درهاویشتەیەك لە زۆرێك لەوڵاتاندا پەیوەندی تەواوی بە دارشتنی سیاسەتی گشتی وڵاتەکانەوە هەیە، بەتایبەتیش ئەدای دابەشکردن و دووبارە دابەشکردنەوەی سەرچاوەکانی خزمەت و دارایی، ئیتر ئەمە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، واتە لە ئەنجامی خودی سیاسەتەکەوە بێت یان دەرنجامی ڕەنگدانەوەی خراپی سیاسەتی پێشوتر بێت(٤).

هەربۆیە ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانیش هەرچەندە چەندەین ساڵە پرسی هەژاریان کردۆتە کاری لە پێشینەی خۆیان و تایتڵی کارو ڕاپۆرتەکانیان بۆ گشت جیهان، بەڵام لە بەرئەوەی ناتوانن دابەشکردنی سەروەت و سامان لە جیهاندا کۆنترۆڵبکەن، یاخود ڕاستر بڵێین لە داڕشتنی سیاسەتی دابەشکردن ڕۆڵی کارایان نییە، بۆیە سەرکەوتوونەبون لە بەرگرتن لە هەژاری بەشێوەیەکی باش و کاریگەر(٥).

بۆیە ئێستا ئەرکی (دابەشکردن و دابەشکردنەوە) بۆتە پێوەر وپێودانگێکی گرنگی

(1) G. Bingham Powell, Jr. and others, OP. Cit., p.153.

(2) Ibid.

(3) Michael Hill, OP. Cit., p.138.

(4) Belkacem Laabas and Imed Limam , Impact of Public Policies on Poverty Income Distribution and Growth, Arab Planning Institute, Kuwait, 2004, p5.

(5) Patricia Kennett, Governance, Globalization and Public Policy, Edward Elgar, 2008, pp.136.

هەڵسەنگاندنی چالاكبون وچالاكنەبونی سیستەمە سیاسیەكان، هەرچی سیستەمەكانیشە لە ڕێگەی دەزگاكانیانەوە هەوڵدەدەن بە باشترین شێوە سیاسەتی دابەشكردنی خۆیان دابڕێژن، ئەویش بەوەی كە زۆرترین هاوڵاتی و دانیشتوان لە خزمەتگوزاریەكان سودمەندبن، هەرچەندە كۆمەڵێك وڵات كە توانا و سەرچاوەكانی دابینكردنیان لاوازە ناتوانن ئەم ئەركە بە شێوەیەكی تەندروست ئەدا بكەن، و زۆرجاریش بە هۆی نەبونی سیاسەتێكی دابەشكردن و دابەشكردنەوەی باش چین و گروپەكانی كۆمەڵگا جیاكاری زۆر لە نێوانیادا دروستدەبێت، بەمەش پشێوی و ناسەقامگیری سیاسی و ئابوری و كۆمەڵایەتی لەسەر ئاستی سیستەم سەرهەڵدەدات و دەبێتە مایەی ئیفلیج بوونی كۆی سیستەمی سیاسی و دامودەزگاكانی.

**دووەم: ئەركە ئەدائییە نامادییەكانی سیستەمی سیاسی:**

كە سروشتێكی كەمتر مادییان هەیە و مەبەست لێیان دەستكەوتی مادی و دابەشكردنەوەیان نییە بەڵكو زیاتر بۆ ئاڕاستەكردنی چالاكییە جۆراوجۆرەكانی ناو كۆمەڵگایە، كە هەردوو (ئەركی ڕێكخستن) و (ئەدای ڕەمزی) لە خۆدەگرێت.

**١- ئەركی ڕێكخستن (Regulation)**

بۆ جێبەجێكردنی سیساسەتە گشتیەكان بەتەنها ئەركی وەدەرهێنان و دابەشكردن بەس نین بەڵكو سیستەمی سیاسی ئەركی ڕێكخسن و چاودێریشی هەیە كە لەڕێگەیانەوە چالاكییە جۆربەجۆرەكان بەرێوەدەبرێن و چاودێری دەكرێن[1]. جا ئەم چالاكیانە ئابوری بن یان كۆمەڵایەتی یاخود سیاسی، یان هەر بوارێكیتر كە حكومەت بیەوێت لە چوارچێوەی سیاسەتێكی ڕێكخستندا ئاڕاستەی بكات[2]. سیاسەتی ڕێكخستن بریتیە لە پیادەكردنی چاودێری سیستەمی سیاسی بەسەر ڕەفتاری تاك و گروپ و كۆمەڵگاوە، لە ئێستادا ئەركی ڕێكخستن ڕووی لە فراوانبوونە بەهۆی زۆربوونی ئەو كێشە و گرفتانەی بەهۆی پێشكەوتن و تەكنەلۆجیاوە پەیدابوون، یاخود ئەگەر ڕێكنەخرێن لەلایەن حكومەتەكانەوە دەبنە كێشە و گرفت لە كۆمەڵگەدا، وەك ڕێكخستنی ڕیگاوبان و هاتووچۆ و پیسبونی ژینگە[3].

سیاسەتی ڕێكخستن ڕەهەندێكی گرنگی حكومەتدارییە، ئەگەر بەشێوەیەكی كاریگەر و دروست پەیڕەو بكرێت، ئەوا دەبێتە هۆی بونیاتنانی (كۆمەڵگایەكی چالاك - well-functioning) و متمانە*

(1) Thomas A. Birkland, An Introduction to the Policy Process Theories, Concepts, and Models of Public Policy Making, Third Edition, Routledge, 2015, p.53.

(2) Immanuel Ness, Encyclopaedia of Interest Groups and Lobbyists in the United States, M.E. Sharpe, New York, Volume Two, 2000. p.3

(٣) مها عبد اللطيف الحديثي، محمد عدنان الخفاجي،النظام السياسي والسياسة العامة، مركز الفرات للتنمية والدراسات الاستراتيجية،٢٠٠٦،ص٤.

(*) هەمیشە متمانە كاردەكاتە سەر دوو پاشهات كە ئەوانیش بریتین لە خێرایی و تێچوون، كاتێك متمانە لە هەر

بوو بە حکومەت و دامودەزگاکانی، هەروەها سیاسەتی ڕێکخستنی پێشکەوتوو ڕێگە بۆ دامەزاوەکانی حکومەت خۆشدەکات کە بگەنە باشترین دەرەنجام بە تێچویەکی کەم و ڕەزامەندییەکی زۆرەوە (لەلایەن ئەوکەسانەوە کە یاسا و ڕێساو ڕێنمایەکان بەسەریاندا دەسەپێنرێت)، بۆیە زۆرێك لە وڵاتان گرنگە بەلایەنەوە ئەو سیاسەتەی جێبەجێیدەکەن لە ڕوی کوالیتی و توانست وکاراییەوە تاقیکرابێتەوە، لە پێناو بەدیهێنانی باشترین دەرەنجام، ئەمەش کاریگەری زۆری لەسەر پاڵپشتی سیستەمی سیاسی و هێشتنەوەی بە بەهێزی دەبێت[1].

بەگشتی ئەرکی ڕێکخستن لە هیچ یەکێك لە سیستەمە سیاسیەکاندا نەگەیشتۆتە پلەی ڕازیبونی تەواوەتی، بەڵکو سیاسەتی ڕێکخستنی دروست بەردەوام لە گەشەسەندن و پێشکەوتن و خۆ تازەکردنەوەدایە، بۆ ئەم کردانەش چەند پێداویستییەك هەیە کە هەر سیستەمێك دەبێت، یان ئەگەر بیەوێت پێش کەوێت، دەبێت جێبەجێیات بکات کە گرنگترینیان بریتین لە: زانینی مەترسییەکان وپلەبەندکردنیان بەپێیی پێویستی چارەسەکردنیان، بایەخدان بەو شتانەی پاڵپشتی سیستەم زیاد دەکەن، گرنگیدانی زیاتر بە ڕاوبۆچونی بەکارهێنەران، زیادکردنی ڕاوێژ و هەماهەنگی و هاوکاری لە نێوان کۆی جومگەکانی حکومەت لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەکی، دەستەربەکردنی لێپرسینەوە و دورکەوتنەوە لە پشتگۆی خستن، هەروەها گرتنەبەری ئامرازی هەڵسەنگاندن و پێوانەی دروست بۆ دیاریکردنی ئەدا و گەشەکردنی سیاسەتی ڕێکخستن[2].

هاوکات دامودەزگا بەرپرسەکان لە ئەدای ڕێکخستن لە سیستەمی سیاسیدا، کۆمەڵێك ئامرازیان بەدەستەوەیە بۆ دروست دارشتن وجێبەجێکردن وهەڵسەنگاندنی ئەم ئەرکە، کە گرنگترین لەو ئامرازانە بریتین لە: قەدەغەکرنەکان (prohibitions)، ڕێکخستن لە ڕێگەی سیستەمی مۆڵەت و بڕوانامە (licensing and certification)، دانانی ڕێنمایی تایبەت بۆ نرخ و ڕێژە و بری (price, rate, and quantity regulation) شمەك و خزمەتگوزارییەکان، دانانی پێوەری کوالێتی بۆ بەرهەمەکان (product quality standards)، لەپاڵ ئەمیشدا ئێستا پێوەرێکی تەکنەلۆجیش (technical production standards) پەیڕەو دەکرێت بۆ بەرهەم هێنان، واتە چۆن دبێت لە ڕووی کوالێتیەوە بەپێی کۆمەڵێك پێوەربێت، بە هەمان شێوە بۆ پاراستنی بەکاربەران و تەندروستیان و پاراستنی ژینگەش دەبێت پێوەری تەکنەلۆجی پیادەبکرێت، هەروەها لەم دواییانەشدا (پێوەری ئەدا - performance standards) وەك ئامرازێکی تر لە ئامرازەکانی سیاسەتی ڕێکخستن بەکاردەهێنرێت،

---

دەزگایەکدا نزم دەبَتەوە خێرایش لە گەڵیدا نزم دەبێتەوە، و تێچوون بەرز دەبێتەوە (متمانە↓ = خێرایی↓ تێچوون↑)، بە پێچەوانەشەوە هەرکاتێك متمانە بەرزبێتەوە خێرایش بەرزدەبێتەوە و تێچووەکان نزم دەبێتەوە (متمانە↑ = خێرایی↑ تێچوون↓). بۆ زانیاری زیاتر لەسەر متمانە و کاریگەرییەکانی بڕوانە: ستیڤن ئێم. ئاڕ. کۆڤی و ڕیبیکا ئاڕ . میریڵ، وەرگێڕانی: شێرکۆ عبدالله، خێرایی متمانە ئەو تاقە شتەی کە هەموو شتێك دەگۆڕێت، هیوا فاوندەیشن، ٢٠١٧، ل١٩-دواتر.

(1) OECD Regulatory Policy Outlook 2018, OECD Publishing. Pp.106-107.

(2) OECD Regulatory Policy Regulatory Policy and Governance: Supporting Economic Growth and Serving the Public Interest, OECD Publishing, 2011, p.15

لەگەڵ پشتیوانی حکومی (subsidies)، کاتێك حکومەت بۆ پاڵپشتی خزمەتگوزارییەك یان شمەكێك پشتیوانی پێشکەش دەکات بۆ ئەوەی لە ژێر کۆنترۆڵی خۆیدابێت و نەچێتە ژێر کاریگەری بارودۆخی بازاڕەوە ، بۆنموونە ئێستا لە عێراقدا حکومەت لە ڕێگەی بریکارەکانی خۆراکەوە پاڵپشتی لە دابەشکردنی کۆمەڵێك ماددەی خۆراکیی بنەڕەتی دەکات. پاشان پێدان ودابینکردنی زانیاری (provision of information) یەکێکیترە لە ئامرازەکان، کۆتا ئامرازیش بریتیە لە پاراستنی مافی خاوەندارێتی و ئەو بەرپرسیارێتیەی کە لە دەرەنجامی بەکارهێنانی هەموو شمەك و خزمەتەکانەوە پەیدا دەبێت[١].

کەواتە لێرەوە ئەوە دەردەکەوێت کە سیاسەتی ڕێکخستن و ئامرازەکانی پەیوەندییەکی زۆر توندوتۆڵیان لە نێواندا هەیە، بەجۆرێك زۆرێك لە هۆکارەکانی پشت دروستبون و داڕشتنی سیاستەکانی ڕێکخستن خۆیان لە ئامرازەکانی ڕێکخستندا دەبیننەوە.

### ٢- ئەدای ڕەمزی (Symbolic)

ئەم ئەرکەی سیستەمی سیاسی لە سادەترین پێناسەیدا بریتیە لە بەرزکردنەوەی هەستی هاوڵاتیان لەڕوی سۆزو مەعنەویيەوە، بەرامبەر سیمبولە مادی و مەعنەوییەکانی وولات، کە ئەوانیش لە ڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵێك ڕەمزی سیاسیەوە ئەنجام دەدرێن، وەك شانازیکردن و باسکردنەوەی سەرکەوتن و دەستکەوتە مێژویەکان کە هەستی هاوسۆزی و وەلائی خەڵك بۆ خاك و وولات یان پرسە نیشتمانیەکان زیاد دەکات[٢].

دەکرێت ئەم سیاسەتە لە ناوە و دەرەوی وڵاتیش ئاڕاستەی هاونیشتمانیان بکرێت، بۆ نمونە کاتێك وڵاتێك یان سیستەمێك پێویستی بە هاوکاری و پاڵپشتی هاونیشتمانیانی هەیە لە وڵاتێکی تر لە ڕێگەی کۆمەڵێك وتاری نیشتمانی و مێژوویی ڕەمزییەوە هاوسۆزی ئەو هاونیشتمانیانە بۆ کێشە یان پرسە ناوخۆییەکان کێش دەکەن، بگرە هەندێك جار ئەم سیاسەتە ئاڕاستەی هاوڵاتیانی ووڵاتانی دیکەش دەکرێت بەجۆرێك ڕایەڵێکی ڕەمزی هاوبەش دەدۆزرێتەوە لە نێوان هەردوو لادا، بۆنمونە وەك ئاین، نەتەوە، زمان، ئایدۆلۆجیا، یاخود هەر ڕایەڵێکیتر، کە لە چاوچێوەی سیاسەتە ڕەمزییەکان دەخزێنرێت بۆ بەدەستهێنانی کۆمەڵێك ئامانجی تایبەتی ئەوتۆی کە سیاسەتەکەی بۆ داڕێژراوە و کۆی سیستەمی سیاسی کاری بۆ دەکات.

سیاسەتی ڕەمزی سەرکەوتوو، بەوە لە سیاسەتی ڕەمزی فاشل جیادەکرێتەوە کە دەبێت هاوڵاتیان بە شێوەیەکی خۆڕسکانە ئاڕاستەی بکات، نەك بەزۆرەملێی و ترس و تۆقاندن، چونکە هاوڵاتی کاتێك هەست بە ئینتما بۆ وڵاتەکەی ئەکات، کە لە ژێر سایەی ئەو سیساسەتە و داڕێژەرانیدا ماف و شکۆ و ئازادیەکانی پارێزراوبن[٣].

(1) Marc Allen Eisner, Jeff Worsham, and Evan J. Ringquist, Contemporary Regulatory Policy, 2nd edition, Lynne Rienner Publishers, 2006, pp.11-14.

(٢) كمال المنوفي، مصدر سابق، ص٣١٠.

(٣) أحمد سليم البرصان، علم السياسة ، دار زهران، ٢٠١٥.

بەڵام زۆرجاریش سیاسەتی ڕەمزی هێندەی جەختکردنەوەیە لەسەر نیشاندانی هێزی سیاسەتەکە و داڕێژەرانی (سیاسیەکان)، هێندە دەرخەری کاریگەری سیاسەتەکە نیە لەواقعی جێبەجێکردنیدا، هەروەك چۆن زۆر جار لەلایەن سیاسیەکانیشەوە بۆ مەبەستی تایبەت بەکاردەهێنرێت، بۆنمونە کارتی دژایەتی کردنی پرسی کۆچی نایاسای و پەنابەران، لەوڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا، کە کێشە ئابوری و سیاسیەکانی جیهان پاڵنەری سەرەکییەتی، و سیاسیەکان بەتەواوەتی دەزانن کە ناتوانن کۆنترۆڵی بکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەیکەن بە ئامرازێك بۆ سیاسەتی ڕەمزی لە پێناو بەدەستهێنانی دەنگی زیاتر لە هەڵبژاردنەکاندا و تێگەیاندنی دەنگدەران و هاوڵاتیان بەوەی کە ئەوان گرنگی بە پرسی کۆچی نایاسایی و پەنابەران دەدەن و ئەم پرسانەش لە پێشینەی کارەکانیانن (لەگەڵ بونی ڕاستگۆیی ڕێژەیی) لەم کارەدا.

کەواتە سیاسەتی ڕەمزی زۆرجار سەرچاوە و هەوڵی ڕاستەقینە لە پشتیەوە نیە و تەنها چەواشەکردنی خەڵکی بەگشتی یان چینێکی دیاری کراوە[1]. ئەمەش پێدەچێت لەسەر ئەو بنەمایەبێت کە ئێستا دەوترێت سیاسەت جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی (کێ هەست بە چی دەکات؟ وکەی؟ و چۆن؟) لە بری وەسفە کۆنەکەی کە دەوترا سیاسەت بریتیە لەوەی کە (کێ چی بە دەست دەهێنت؟ وکەی؟ و چۆن؟)، واتە بەقەدەر گرنگی ئەوەی حکومەت چی دەکات، ئەوی چیش دەڵێت، گرنگە[2]، هەمووشیان بەیەکەوە گرنگی ئەم ئەرکەی سیستەمی سیاسی دەردەخەن، بەدەر لە چۆنیەتی بەکارهێنانی، چونکە سیستەمەکان و دەوڵەتان پێویستییەکی زۆریان بەم جۆرە سیاسەتانە هەیە لە هەموو کاتێکدا و بەتایبەتیش لە کاتی بوونی کێشەو قەیرانەکاندا، کاتێك کە سیستمی سیاسی و کارەکتەرەکانی ناتوانن بە ئەرکە ڕاستەقینەکانی خۆیان هەڵستن و پێداویستەکانی هاوڵاتیان پربکەنەوە، پەنا دەبەنە بەر زیاد لە پێویست بەکارهێنانی سیاسەتە ڕەمزی و سمبوڵیەکان تا ئەو بۆشاییەی پێپربکەونەوە کە لە ئەنجامی کەم و کورییەکانی سیستم و دۆخە نالەبارەکان بۆ سیستمی سیاسی و ئاسایشی دەوڵەت هاتونەتە پێش.

لێرەدا، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بەتایەتی تەلەفیزیۆن (ئێستا سایت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکانیش) دەرخەرێکی گرنگی هەموو ڕەمز و پەیامەکانن، کە دەتوانین بڵێین زۆر جار هیچ کەمترنین لە خودی سیاسەتەکە، کەچی زۆر جار شیکردنەوەی سیاسەتەکان تەنها لەسەر ئەوەیە کە حکومەت چی کرد و بۆ کردی و چ جیاوازییەکی دروستکرد، و هیچ گرنگییەك بەوە نادرێت حکومەتی چی وت، کە ئەمش خاڵێکی لاوازی ئەم جۆرە لێکدانەوانەیە، کە تەرکیزی لەسەر کردارەکانی حکومەتە بەقەدەر وتارەکانی[3]. کەوتە دەبێت هەمیشە لێکدانەوە بۆ وتار ولێدوانەکانی حکومەت ودەزگاکانی بکرێت چونکە ئەمانەش بەچاك یان بەخراپ وەك ڕەهەندێکی ئەدای ڕەمزی بەشێکن لە سیاسەتی گشتی وڵات.

---

nd, Op. Cit., P.220. ) Thomas A. Birkla1(

(2) Thomas R. Dye, Op. Cit., P.66.

(3) Ibid.

## باسی دووەم: کاریگەری حوکمڕانی دروست لەسەر ئەرکە ئەدائییەکان

ئەم باسە لە دوو تەوردا تەرخانکراوە بۆ بایەخدان بە کاریگەریەکانی حوکمڕانی دروست لەسەر ئەرکە ئەدائییەکانی سیستەمی سیاسی، لە تەوەری یەکەمدا باسی کاریگەری حوکمڕانی دروست لەسەر ئەرکە ئەدائییە مادییەکان دەکەین، لە تەوەری دووەمیشدا باسی کاریگەری حوکمڕانی دروست لەسەر ئەرکە ئەدائییە نامادییەکانی سیستەمی سیاسی دەکەین.

### تەوەری یەکەم: کاریگەری حوکمڕانی دروست لەسەر ئەرکە ئەدائییە مادییەکان

لێرەدا باسی کاریگەری حوکمڕانی دروست لەسەر ئەرکە ئەدائییە مادییەکان دەکەین بە دوو لق، لە یەکەمیاندا باسی ئەو کاریگەرییە لەسەر ئەرکی وەدەرهێنان دەکەین، لە لقی دووەمیشدا باسی کاریگەرییەکە لەسەر ئەرکی دابەشکردن و دووبارە دابەشکردنەوە دەکەین.

### لقی یەکەم : حوکمڕانی دروست و ئەرکی وەدرهێنان

وەك لە تەوەرەی پێشوو، لە باسی ئەرکی وەدەرهێنانی سیستەمی سیاسیدا ئاماژەبۆ ئەوە کراوە کە: "باج کە بەیەکێك لە سەرچاوەکانی داهاتی نیشتمانی دادەنرێت لە وڵاتانی جیهان بە گشتی، جا چ وڵاتانی پێشکەووبن یان وڵاتانی تازە پێگەیشتوو و دواکەوتوو، بەڵام ڕێژەی باج لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت، ئەمەش پەیوەندی بە جیاوازی پێشکەوتنی کۆمەڵگاکانەوە هەیە، لە کۆمەڵگا پێشکەوتووە پیشەسازییەکاندا ڕێژەکەی زیاترە لە چاو ئەو کۆمەڵگایانەی پشت بە کشتوکاڵ دەبەستن، هەروەها پەیوەندی هەیە بە ئاستی توانستی دامودەزگاکانی وڵات بۆ کۆکردنەوە وڕێکخستنی ئەو داهاتە، لە گەڵ ئەمەشدا سیاسەتی حکومەت بەرامبەر باجدەران کاریگەری تەواوی لەسەری هەیە"[١].

بۆیە، وێڕای ڕەچاوکردنی ئەو ڕاستییانەی سەرەوە، ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە ئەویە کە بیسەلمێنین پەیوەندی نێوان ئاستی وەرگرتنی باج و ئاستی دروستی حوکمڕانی یان پێشکەوتنی چەندە و چۆنە و لە چی ئاستێکدایە. بۆ ئەم مەبەستەش سەرەتا چەند وڵاتێک بەنموونە وەردەگرین، دواتر بەراوردێك دەکەین لەنێوان داتاکانی تایبەت بە ئاستی باج و هەندێك لە ئامرازەکانی حوکمڕانی دروست لەو وڵاتانە.

(١) کمال المنوفي، مصدر سابق، ص٣٠٠.

خشتەی ژمارە (١):

نیشاندەرەکانی ئاستی توانستی حکومەت و سەروەری یاسا لەگەڵ کۆی باج لەسەر داهاتی تاك لە داهاتی ناوخۆیی چەند وڵاتێك

| نیشاندەرەکان (indicators) | ئاستی وڵاتەکان | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| | نەرویج | سوید | ئیرلەندا | ئیسرائیل | تورکیا |
| توانستی حکومەت (Government Effectiveness) | 99.04 | 96.15 | 87.02 | 89.42 | 55.29 |
| سەروەری یاسا (Rule of Law) | 99.52 | 99.04 | 88.94 | 82.21 | 45.19 |
| کۆی باج لەسەرداهاتی تاك لە داهاتی ناوخۆیی (GDP) | 10.04 | 13.14 | 7.16 | 6.76 | 3.62 |

سەرچاوە: سەبارەت بە باج لە داهاتی تاکەکەس، بڕوانە: ڕێکخراوی هاریکاری ئابوری وگەشەپێدان (OECD) لەسەر ئەم بەستەرە: https://data.oecd.org/tax/tax-on-personal-income.htm

هێڵکاری ژمارە (١):

بەراورد لەنێوان چەند وڵاتێك لەڕووی پەیوەندی پەیوەندی هەندێک لە نیشاندەرەکانی حوکمڕانی دروست (ئاستی توانستی حکومەت و سەروەری یاسا) لەگەڵ کۆی باج لەسەر داهاتی تاك لە داهاتی ناوخۆیی




سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بە سودبینین لە داتاکانی خشتەی ژمار (١)

گەر تەماشای خشتەی ژمارە (١) وهێڵکاری ژمارە (١) بکەین، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی کە پەیوەندی نێوان ئامرازەکانی حوکمڕانی دروست (وەك: سەروەری یاسا و توانستی حکومەت) لەگەڵ

ئاستی وەرگرتنی باج و بەکارهێنانی وەك سەرچاوەی داهاتی گشتی ناوخۆیی وڵات پەیوەندییەکی ڕاستەوانەیە، هەروەك لە هێڵکاریەکەوە دیارە، لە هەموو ئەو وڵاتانەدا کە ئاستی سەروەری یاسا و توانستی حکومەت بەرزە ئاستی بەشداری باج لە داهاتی ناوخۆیی ئەو وڵاتانەشدا بەرزە، ئەمەش لەبەرئەوەی کە لەو وڵاتانە بەشێوەیەکی باش پرۆسەی وەرگرتن و کۆکردنەوە و گەڕاندنەوەی باج بۆ نێو داهاتی حکومەت ڕێکخراوە، بەتایبەت کە بۆ ئەم پرۆسەیە پشت بە حکومەتی ئەلکترۆنی ببەسترێت. ئەمە لە لایەك، لە لایەکیتر یاسا سەروەری بۆتە هۆی ئەوەی کە زۆینەی خەڵکی نەتوانن خۆیان لە دانانی باج و گەڕاندنەوەی بۆ دەوڵەت بدزنەوە، کە دەرەنجام دەبێتە هۆی زیادبوونی داهاتی ناوخۆیی وڵات و بەکارهێنانەوی لە گەشەپێدانیدا.

وەك ئاشکراشە، یەکێك لە ئامانجەکانی حوکمڕانی دروست بریتیە لە گەشەپێدانی بەردەوام (sustainable development)، ئەمیش بەدینایەت تا شەفافیەت نەبێت، شەفافیەتیش یەکێکە لە بنەماکانی دژە گەندەڵی[1]، بەتایبەت لە بواری ئەرکی وەدەرهێنانی سیستەمی سیاسیدا، کە پەیوەستە بەوەگەڕخستنی سەرچاوەکانی داهات بۆ وڵات.

گەر بگەڕێینەوە بۆ پێناسەی ئەرکی وەدەرهێنان لە سیستەمی سیاسیدا، وەك پێشتر ئاماژەی بۆ کراوە، بریتیە لە وەدەرهێنانی زۆرترین سەرچاوەی مادی و مرۆیی لە ناو کۆمەڵگاوە، کە ئەمەش تەنها بەمە کۆتایی نایەت، چونکە ئامانجی سیستەمی سیاسی تەنها بریتی نیە لە کەشفکردن و وەگەڕخستنی ئەو سەرچاوانە، بەڵکو ئامانجی سەرەکی و بونیادی بریتیە لە وەگەڕخستنی ئەم سەرچاوانە بۆ گەشەپێدانی کۆمەڵگا (هەڵبەت لە سایەی سیستەمێکی حوکمڕانیی دروستدا)، شەفافیەتیش وەك باسمانکرد هەوێنی گەشەپێدان و سەقامگیریە، بەڵام گەندەڵی خۆرەی ئەو گەشەسەندن و سەقامگیریە. بۆیە لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین کە شەفافیەت و بنەبڕکردنی گەندەڵی پەیوەندی تەواویان بەیەکەوە هەیە و هەردوکیشیان کاریگەری تەواو لەسەر ئەدای وەدەرهێنانی سیستەمی سیاسی دادەنێن. کەواتە گەر سیستەمێکی سیاسی بنەماکانی حوکمڕانی دروست جێبەجێبکات، لە ناویشیاندا ئامرازی شەفافیەت و دژایەتی گەندەڵی، ئەوا دەتوانێت ئەرکی وەدەرهێنان بە شێوەیەکی باشتر ئەدا بکات، بەجۆرێك بچێتە خزمەتی گەشەسەندنی بەردەوامی وڵاتەوە، هەر سیستەمێکیش توانای جێبەجێکردن و پەیڕەوکردنی ئەو بنەمایانەی نەبێت یان لاوازبێت بەهەمان شێوە ئاستی ئەدای وەدەرهێنانی لاواز و کەم دەبێت، گەر هەشبێت ناچێتە خزمەت گەشەپێدان و دوبارە وەبەرهەمهێنانەوەی لە کایە و سودی گشتیدا - لەکاتێکدا زۆرێك لەو سەرچاوانە بەگەندەڵی و خراپبەکارهێنان لە ناودەچن یان کاریگەری ئەوتۆیان نابێت. هەروەك لە خشتەی ژمارە (٢) بە داتا بەراورد لە نێوان کۆمەڵێك وڵات کراوە کە پەیوەندی ڕێژەیی نێوان ئاستی کۆنترۆڵکردنی گەندەڵییان لەگەڵ ئاستی گەشەپێدانی بەردەوامیان دەخاتەڕوو.

(1) UNDP, Governance for Sustainable Development, OP. Cit., P.6.

خشتەی ژمارە (٢)

نیشاندەری کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی و گەشەپێدانی بەردەوام لە نێوان کۆمەڵێك وڵاتدا بۆ ساڵی٢٠١٧

| نیشاندەر/وڵات | نەرویج | سوید | تونس | لوبنان | عێراق |
|---|---|---|---|---|---|
| کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی | 99.52 | 98.08 | 53.85 | 14.9 | 6.73 |
| گەشەپێدانی بەردەوام | 83.9 | 85.6 | 68.7 | 64.9 | 56.6 |

سەرچاوە : ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە داتاکانی:

https://www.sdgindex.org/reports/sdg-index-and-dashboards-2017/

لەم خشتەیەوە ئەو ڕاستیەی سەرەوە دەسەلمێنین کە هەموو (یان ڕادەیەکی زۆر) ئەو وڵاتانەی کە تونای کۆنترۆڵکردنی گەندەڵیان زۆرە و شەفافیەت تیایاندا لە ئاستێکی بەرزدایە، ئاستی گەشەپێدانیشیان (بە ڕێژەی جیاواز) بەرزترە لەو وڵاتانەی کە تواناي ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیان نیە یان لاوازترە، هەروەك لە هێڵکاری ژمارە (٢) بە ڕوونی دردەکەوێت.

هێڵکاری ژمارە (٢)

پەیوەندی نێوان نیشاندەری کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی و گەشەپێدانی بەردەوام لە چەند وڵاتێک




سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بە سوودبینین لە داتاکانی خشتەی ژمارە (٢)

هەرچی بواری وەگەڕخستنی توانای مرۆیی و کاری خێرخوازیشە (وەك بەشێك لە ئەرکی وەدەرهێنانی سیستەمی سیاسی) بەهەمان شێوە پەیوەندی تەواوی بەئاستی جێبەجێکردنی ئامرازەکانی حوکمڕانی دروست لە وڵاتاندا هەیە، بەتایبەت ئەو وڵاتانەی ئامرازە دیموکراسییەکانی پەیڕەودەکەن (وەک: بەشداریکردنی سیاسی)، ئەمەش بەهۆی ئەو فەزا کراوەیەی لەو وڵاتانی دیموکرات و خاون بنەماکانی حوکمڕانی دروست هەیە بۆ وەدەرهێنانی ئەو جۆرە لە سەرچاوە، کە

لە ڕێگەی چەندین گروپ و ڕێکخراوی کۆمەڵی مەدەنی (بە پارتە سیاسیەکانیشەوە) پێبهەڵدەستن، لەکتێکدا لە وڵاتانی ذادیموکرات و فاشیل و لاوازدا کەمتر دەتوانن سود لەو سەرچاوانە وەرگرن، ئەویش بەهۆی ناکۆکی سیاسی و ناچالاکی کۆمەڵی مەدەنی و سەپاندنی کارنامەی دەستەیەکی دیاریکرا لە نێو حیزب و حکومەتدا.

بۆ دەرخەرسنی ئەم ڕاستیەش دەتوانین بەشێوەیەکی گشتی ڕێژەی کاری خۆبەخشی لە هەندێك ناوچە و هەرێمی جیهاندا بخینەڕوو، وەك ئەوەی لە ڕاپۆرتی ساڵانەی پرۆگرامی خۆبەخشی سەر بە نەتەوەیەگرتووەکان (United Nations Volunteers programme) بۆ ساڵی ٢٠١٨ ئاماژەی بۆکراوە، پاشانیش پەیوەستی بکەینەوە بە دۆخی حوکمڕانی دروست لەو ناوچە و هەرێمانەدا، بەوشێوەیەی لە خستەی ژمارە (٣) دا ڕێژەکان خراونەتەڕوو:

خشتەی ژمارە (٣)

ڕێژەی کاری خۆبەخشی لە هەندێك ناوچە و هەرێمەکانی جیهان بۆ ساڵی ٢٠١٨

| هەرێمەکان | ڕێژە بە ملیۆن |
|---|---|
| ئاسیاو زەریای هادی | 28.7 |
| ئەو روپا و ئاسیاسی ناوەڕاست | 29.2 |
| وڵاتانی عەرەبی | 8.9 |
| ئەفریقا | 12.1 |
| ئەمریکای لاتینی | 9.4 |
| ئەمریکاری باکور | 20.7 |

سەرچاوە: United Nations Volunteers (UNV) programme, OP. Cit., P.13.

ڕێژەکانی ئەم خشتەیە کۆی کەسانی خۆبەش بە فەرمی و نافەرمیەوە لە خۆدەگرێ کە لە کارێکی خێرخوازی یان مرۆیی بەشدارن لە ناوچە و هەرێمە جیاجیاکانی جیهاندا، کە بەشێکی زۆر لەو بەشداریکردنانە بۆ کاری خۆبەخشی و مرۆیی لە ڕێگەی ڕێکخراوە فەرمی و دەزگاکانی سەربە وڵاتانەوە ڕێکدەخرێن و سەرپەرشتی دەکرێن[1]، ئەمەش کاریگەری جۆری سیستەمی سیاسی و ئاستی گوزەران لەسەر ڕێژەی بەشداری لە کاری خۆبەخشیدا دەردەخات، بە جۆرێکە کە لە وڵاتانی پێشکەووتوی خۆشگوزران و دیموکراتدا بە شێوەیەکی بەچاو ڕێژەکەی زیاترە لە وڵاتانی نادیموکرات و فاشیل و لاوازدا، ئەمەش دواجار دەبێتە هۆی ئاستەنگ و بەربەست لە ئەداکردنی ئەرکی وەدەرهێنان لە وڵاتانی دواکەوتووی فاشیلدا، کە ناتوانن بەشێوەیەکی تەواو سود لە سامانی مرۆیی وڵاتەکانیان وەربگرن، لەکاتێکدا لە وڵاتانی پێشکەوتوو دەتوانن ئەو سامان و دەستی کارە پڕ بەرهەمە بە تێچوویەکی کەم بخەنەوە خزمەت ڕەوتی پێشکەوتن و گەشەپێدانی وڵات، وەك لەم هێلکارییەی خوارەو خراوەتەڕوو:

(1) United Nations Volunteers (UNV) programme, OP. Cit., P.13.

هێڵکاری ژماره (٣)

ڕێژەی کاری خۆبەخشی بە پێی ناوچە و هەرێمەکانی جیهان ساڵی ٢٠١٨




سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بە پشت بەستن بە داتاکانی نەخشەی ژمارە (٣)

ئەوەی لە هێڵکـاری ژمـارە (٣)وە دەبینـین ئەوەیە، گەر بەراوردێـك لە نێـوان ئەو هەرێـمانەدا بکەیـن لەڕووی کـاری خۆبەخشـییەوە (بە لەبەرچـاوگرتنی ڕێـژەی دانیشـتوانی هەرێمەکـان) ئەوا دردەکەوێت (هەرێمی ئاسیا و زەریای هێمن) هەرچەندە جێگەی زۆرینەی دانیشتوانی سەر زەوییە بەڵام ڕێـژەی (%٢٦) لە کـۆی خۆبەخشـانی جیهـانی بەردەکەوێـت، لە کاتێکـدا (ئەوروپا و ئاسـیای ناوەڕاست) ڕێژەی دانیشوانیان کەمترە لەچاو هەرێمی یەکەم بەڵام ڕێژەی (%٢٧) خۆبەخشی جیهان لەم هەرێــمەیە، هەرێمەکــانیتریش بە هەمــان شـێوە، ئەمەش دووبـارە پشتڕاســتکردنەوەی ئەو گریمانەیەیە کە کاری خۆبەخشی، وەك بەشێك لە ئەرکی وەدەرهێنانی سیستەمی سیاسی، لە وڵاتانی پێشکەووتووی خاوەن بنەماکانی حوکمڕانی دروست ڕێژە و بەشداری لە فەراهەمکردنی سـەرچاوەی مرۆیی بۆ وڵات، لە چاو وڵاتانی فاشیل و لاواز ونادیموکرات، زیاترە.

**لقی دووەم: حوکمڕانی دروست و ئەرکی دابەشکردن و دووبارە دابەشکردنەوە**

نایەکسـانی لە دابەشـکردن و دووبـارە دابەشـکردنەوەی شـمەك و خزمەتگـوزاری و هەلەکـان بێگومـان دەبێـتە هـۆی دروسـتبوونی بۆشـایی گەورە لەنێـوان چینەکـانی کۆمەڵگا، کە دبێـتە هـۆی زیادکردنی  دیاردەی هەژاری، ئەمەش سەر دەکێشێـت بـۆ لاوازکـردن سیسـتەمی سیاسـی و هێنـانی ناسـەقامگیری بـۆ وڵات، کە لە ئەنجامـدا واداکـاتە دامودەزگاکـانی سیسـتەمی سیاسـی نەتـوانن بە شـێوەیەکی دروسـت بە ئەرکەکـانی خۆیـان هەسـتن، ئەم هاوکێشـەیەش دەرەنجـامەکەی پێچەوانە دەبێتەوە ئەگەر سیستەمی سیاسی بە شێوەیەکی دروست بە ئەرکی دابەشکاری خـۆی هەڵسـێت، و بتوانێت ئاسـتی دادپەروەری و یەکسـانی لە دابەشـکردنی شـمەك و خزمەتگـوزاری و هەلەکـان، بـۆ کۆمەڵگا دەسـتەبەربکات، کە ئەمـانە دەبـنە هـۆی دوبـارە  چـالاککردنەوەی سیسـتەمی سیاسـی و وەدیهێنانی خۆشگوزەرانی زیاتر بۆ هاوڵاتیان و سەقامگیری زیاتر بۆخۆدی سیستەمەکەش.

ئەوەی ئەمـڕۆ لە جیهانـدا دەبینـین تـاڕادەیەکی زۆر، سیاسـەتی خۆشـگوزەرانی بە جۆرێـك لە

جۆرەکان هاوپێچە لەگەڵ هەریەکە لە بیمەی کۆمەڵایەتی و پرۆگرامی دووبارە دابەشکردنەوی کۆمەڵایەتی (program of social redistribution)، کە ئەمانەش وا لە کەسانی داهات بەرز دەکەن بڕێك لە داهاتەکانیان لە بەرژەوەندی کەسە بەتەمەن و نەخۆش و کەمدەرامەتەکان خەرجبکەن، ئەویش لەڕێگەی دووبارە دابەشکردنەوەی داهات کە لە دەوڵەمەندەکان وەردەگیرێت و دابەشدەکرێتەوە و دەدرێت بە هەژارەکان (ئەوانەی داهاتیان لەوان کەمترە یان ئەوەندە کەمە کە پرۆگرامی سۆشیال دەیانگرێتەوە)، لێرەشەوە دەبێت جۆرە هاوسەنگییەك لە نێوان بەخشین و وەرگرتن هەبێت، کە ئەمەش پەیوەستە بە جۆری ئەو سیاسەتەی لە وڵاتدا پەیڕەودەکرێت، لەگەڵ چۆنیەتی پەیداکردنی سەرچاوەی داهات بۆیان[1].

کەواتە دەتوانین کۆمەڵێك پێوەر و نیشاندەر دەستیشان بکەین بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی باشی و خراپی سیاسەتی دابەشکردن وەك ئەرکێکی سیستەمی سیاسی کە ئەوانیش بریتین لە: یەکسانی، خۆشگوزرانی، بیمەی کۆمەڵایەتی و سۆشیاڵ، هەروەها ڕێژەی هەژاری و جیاوازی ئاست و دۆخی بژێوی نێوان چینەکانی کۆمەڵگا.

بۆ خستنەڕووی ئەوەی کە تا چەند حوکمڕانی دروست و ئامراز و بنەماکانی کاریگەییان لەسەر ئەداکردنی ئەرکی دابشکردن هەیە لەم خشتەیەی خوارەوە بەراوردێك لە نێوان ئاستی کۆمەڵێك ناوچە و هەرێمی جیهان وەك نموونە دەکەین لەڕووی حوکمڕانی دروست و بیمەی کۆمەڵایەتی یان سۆشیال و هەژاری.

خشتەی ژمارە (٤)

ڕێژەی هەژاری هەرێمە تازەگەشەسەندوەکانی جیهان بۆ ساڵی ٢٠١٨

| ناوچە و هەرێمەکان (بەپێی نوسینگەی سەرژمێری نەتەوە یەکگرتووەکان) | نیشاندەری هەژاری فرە ڕەهەند* MPI |
|---|---|
| وڵاتانی عەرەبی | ٠,٠٩٨ |
| ڕۆژهەڵاتی ئاسیا و زەریای هێمن | ٠,٠٢٥ |
| ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و ناوەڕاستی ئاسیا | ٠,٠٠٩ |
| ئەمریکای لاتین و کاراییبا | ٠,٠٣٣ |
| باشوری ئاسیا | ٠,١٤٣ |
| بیابانی ئەفریقای باشور | ٠,٣١٧ |
| ڕێژەی گەردونی MPI (وڵاتانی تازە گەشەسەندو) | ٠,١١٥ |

Resource: Oxford Poverty and Human Development Initiative, Global Multidimensional Poverty Index 2018: The Most Detailed Picture to Date of the Worlds Poorest People, University of Oxford, UK, 2018, p.13*.

(1) G. Bingham Powell, Jr. and others, OP. Cit., p.153.

(*) نیشاندەرکانی هەژاری فرە ڕەهەند (Multidimensional Poverty Index) ڕەنجەکەی لە نێوان (٠) بۆ (١) دایە.

له خشتەی ژمارە (٤)ەوە دەردەکەوێت کە زۆربەی هەرێمە تازە پێگەیشتووەکان هەرێمە هەژارەکانی جیهانن و دانیشتوانیشیان زۆربەی هەژارانی جیهان پێك دەهێنن، وەك لە هێڵکاری ژمارە (٤)ی لای خوارەوە دەردەکەوێت.

هێڵکاری ژمارە (٤)
ناوچەکانی ١,٣ ملیار خەڵکی هەژاری MPI جیهان




سەرچاوە: Oxford Poverty and Human Development Initiative, OP. Cit., p.12.

وەك دەبینین زۆرترین رێژی خەڵکی هەژار دانیشتوی وڵاتانی باشوری ئاسیا و ئەفریقان، ئەم هەرێمانەش وەك لە خشتەی داهاتوو خراوەتەڕوو لەڕووی بنەماکانی سەروەری یاسا و سیستەمی بیمەی کۆمەڵایەتی و سۆشیال لە دواوەی هەرێمەکانی تری جیهانەوەن.

---

هەروەها سێ ڕەهەندی سەرەکی هەیە کە ئەوانیش بریتین لە: ڕەهەندی یەکەم تەندروستی بەدخۆراکی و رێژەی مردنی منداڵان دەگرێتەخۆی، ڕەهەندی دووەمیش بریتیە لە خوێندن و فێرکردن کە ئەویش ساڵانی لەقوتابخانەبوون و ئامادەگی لە قوتابخانەکان دەگرێتەخۆی، هەرچی ڕەهەندی سێهەمیشە ستانداردی ژیانە، کە سوتەمەنی لێنان و دەورانی ئاوەڕۆ و ئاوی خواردنەوە، کارەبا، نیشتەجێبون و گەیاندن دەگرێتەخۆی. بۆ زانیاری زیاتر سەردانی ئەم سەرچاوەیەی خوارەوە بکە:
Oxford Poverty and Human Development Initiative, Global Multidimensional Poverty Index 2018: The Most Detailed Picture to Date of the World's Poorest People, University of Oxford, UK, 2018.

خشتەی ژمارە (٥)

ئاستی هەژاری و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و سەروەری یاسا لە چەند وڵاتێك

| نیشاندەرەکان/ دەولەتەکان | پاکستان | یەمەن | بەرازیل | ئۆکرانیا |
|---|---|---|---|---|
| MPI نیشاندەری هەژاری | 0.198 | 0.241 | 0.017 | 0.001 |
| نیشاندەری گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی | 49.18 | 37.29 | 72.73 | 69.3 |
| سەروەری یاسا | 24.04 | 2.40 | 16.35 | 25.00 |

سەرچاوە : بۆنیششاندەری هەژاری بڕوانە: Oxford Poverty OP. Cit., p.15.

بۆ نیشاندەری گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی بڕوانە:

Social Progress Imperative, Social Progress Index available at: https://www.socialprogress.org/index/globa

بۆنیشاندەری سەروەری یاسا بڕوانە:

World Bank Development Research Group, Worldwide Governance Indicators (WGI) project, available at: https://info.worldbank.org/governance/wgi/#doc-cross

هێڵکاری ژمارە (٥)

بەراوردی ئاستی هەژاری و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و سەروەری یاسا لە چەند وڵاتێك




سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بەسودبینین لە خشتەی ژمارە (٥)

گەر بەووردی تەماشای خشتەی ژمارە (٥) و هێلکاری ژمار (٥) بکەین ئەوا دەبینین هەروڵاتێك لەو وڵاتانەی کە وەك نمونە وەرگیراون، هەرکاتێك ئاستی هەژارییان نزیك بێتەوە لە (٠) ئەوە ئاستی سەروەری یاسا و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتییان بەرزدەبێتەوە (بەرێژەی جیاواز)، بۆنمونە ئاستی هەژاری لە یەمەندا (٠،٢٤١) و بەرزترە لە چاو وڵاتەکانیتر کە بەنموونە وەرگیراون، بۆیە بەهەمان شێوە ئاستی سەروەری یاسا (٢،٤) و ئاستی (٣٧،٢٩) کە هەردوکیان لە ئاستێکی نزمی وڵاتانی جیهاندان، نزمتریشە لە ئاستی ئەو وڵاتانەیتر لەڕووی سەروەری یاسا و گەسەندنی کۆمەڵایەتیەوە.

هەمان شت بۆ وڵاتەکانیتریش ڕاستە کە بە نموونە وەرگیراون.

یەکێکیتر لەو نیشاندەرانەی کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ ئەرکی دابەشکردن و دووبارە دابەشکردنەوە هەیە نیشاندەری یەکسانییە، کە یەکێکە لە ئامرازە هەرە سەرەکییەکانی حوکمڕانی دروست. لەم سۆنگەیەوە لە خشتەی ژمارە (١٨)دا ئاستی چەند وڵاتێك بە نموونە خراوەتەڕوو، بۆ نیشاندانی ئاستی نایەکسانی (کە پێچەوانەی نیشاندەری یەکسانییە و دەبێتە دەرخەری یەکسانی):

خشتەی ژمارە (٦)

ڕێژەی نایەکسانی چەند وڵاتێك بەپێی HDI* ساڵی ٢٠١٧

| نیشاندەر/وڵات | ئۆکرانیا | بەرازیل | پاکستان | یەمەن |
|---|---|---|---|---|
| ڕێژەی نایەکسانی** HDI | 0.701 | 0.550 | 0.387 | 0.308 |

Source :UNDP, Human Development reports 2017, available on: http://hdr.undp.org/en/data#

هێڵکاری ژمارە (٦)

بەراوردی ڕێژەی نایەکسانی چەند وڵاتێك بەپێی HDI ساڵی ٢٠١٧




سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بەسودبینین لە داتاکانی نەخشەی ژمارە (٦)

(*) دەستەواژەی (Human Development Index) واتە: نیشاندەرەکانی گەشەپێدانی مرۆیی.

(**) پۆلێنکردنی نیشاندەرەکانی HDI لە ناو ئەوانیش تێکڕای نایەکسانی (کە ئەویش کۆی یانزە دەرخەری نایەکسانییە) کەمتر لە (٠,٥٥٠) واتە ئاستی زۆر نزمە و لە (٠,٥٥٠) بۆ (٠,٦٩٩) ماماوەندە و لە (٠,٧٠٠) بۆ (٠,٧٩٩) بەرزو لە (٠,٨٠٠) و زیاتر بۆ سەرەوە واتە زۆر بەرزە. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە:
UNDP, Human Development Indicators and Indices 2018 Statistical Update: Reader's Guideavailable on:http://hdr.undp.org/en/content/human-development-indicators-and-indices-2018-statistical-update-readers-guide

بەپێی هێڵکاری ژمارە (٦) دەردەکەوێت کە هەموو ئەو وڵاتانەی لە ئاستێکی نزمی نایەکسانیدان (واتە ئاستی گەشەپێدانی مرۆییان بەرزترە) لە هەریەك لە ئاستی بەرزی نیشاندەرکانی سەروەری یاسا و گەشەسەندی کۆمەڵایەتیدان و هەروەها هەژاریشیان لە ئاستێکی نزمتردایە.

لێرەدا مەبەست لە نایەکسانی، نایەکسانییە لە داهات بە هەموو جۆرەکانیەوە، نایەکسانی لە خوێندن، نایەکسانی لە نێوان شار و لادێکان بگرە لە نێوان خودی شارەکان و... هتد، ئەمەش دەرخەری توانای ئەداکردنی ئەرکی دابەشکردنی هەل و خزمەتگوزارییەکانە لەلایەن سیستەمی سیاسییەوە، بۆیە ئەو سیستەمانەی توانای بەیەکسانی دابەشکردنی نییە وڵاتی دواکەوتوو لاواز و فاشیلن، لە کاتێکدا ئەو وڵاتانەی توانای باش دابەشکردنی هەل و شمەك و خزمەتگوزارییەکانیان هەیە بەپێی ڕێژەی ئاستیان لە وڵاتانی پێشکەوتوو و سەقامگیر و خاوەن حوکمڕانی دروستن. گەر لەم بوارەدا بەشێکی زۆری هەرێم و وڵاتانی جیهان بەراورد بکەین، بەشێوەیەکی گشتی هەر دەگەینەوە ئەم دەرنجامە. بەتایبەتی لە وڵاتانی دواکەوتوودا، لێرەدا ئەگەر چەند وڵاتێکی عەرەبی وەك نموونە وەربگرین، دەبینین نایەکسانی زۆر لە بواری دابەشکردنی هەلی کار و گەشەسەندن لەنێوان شار و لادێکاندا هەیە، لە عێراق و مەغریب، هەژاران لە لادێکاندا دوو ئەوەندەی هەژارانن شارەکاندا، لە تونس دانیشتوانی ناوچە پیشەسازییەکان لەچاو دانیشتوانی لادێکان کەمتر ڕووبەڕوی هەژاری دەبنەوە[1]، لە میصریش لە ٤٠% دانیشتوان لە ناوچەی صەعیدی لادێ نشینن دەژین، کە لە ٨٠%ی ئەم ڕێژەیەش لە هەرە نەدارانی وڵاتن[2]. هەموو ئەمانەش ئەوە دەسەلمێنن کە نایەکسانی لە دابەشکردن دەبێتە هۆی لاوازکردنی سیستەمی سیاسی و هۆکارێکە بۆ دواکەوتوویی وڵات.

## تەوەری دووەم: کاریگەری حوکمڕانی دروست لەسەر ئەرکە ئەدائییە نامادییەکان

لەم تەوەرەدا باسی کاریگەری حوکمڕانی دروست لەسەر ئەرکە ئەدائییە نامادییەکان دەکەین لە دوو لقدا، لقی یەکەمیان کاریگەری ئامرازەکانی حوکمڕانی دروست لەسەر ئەرکی ڕێکخستن دەخاتەڕوو، لقی دووەمیش باسی کاریگەریی حوکمڕانی دروست لەسەر ئەرکی ڕەمزی دەکات.

### لقی یەکەم: حوکمڕانی دروست وئەرکی ڕێکخستن

ئەرکی ڕێکخستن، وەك پێشتر باسمان کرد، یەکێکە لە ئەرکە سەرەکییەکانیتری سیستەمی سیاسی، کە کاریگەریی تەواوی لەسەر چۆنیەتی ئەدای سیستەمی سیاسی و ڕۆڵێکی گرنگی لە گەشەپێدانی ئابوری و خزمەتگوزارییەکان بەتایبەتی و کۆمەڵگا و حوکمڕانی بەگشتی هەیە.

ئەرکی ڕێکخستن پەیوەندی تەواوی بە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەت هەیە و بە هاوڵاتیانەوە گرێیاندەدات، بە شێوەیەك کە لە سیستمە سیاسییە پێشکەوتوو دیموکراتەکاندا، هەریەکە لە

(١) عمل جماعي، الظلم في العالم العربي والطريق الى العدالة، مركز دراسات الوحدة العربية، لبنان، ٢٠١٨، ص.ص ٧٢-٧٣.

(٢) المصدر نفسه، ص ٧٣.

فەرمانبەران و پلەباڵاکانی کەرتی میری و سیاسەتکارانی هەڵبژێردراو و کەرتی بازرگانی و پشکداران، لە پرۆسەی ڕێکخستندا بەشدارن و پەیوەستیشن بە جێبەجێکردنییەوە، وەک لە هێڵکاری ژمارە (٧) وێناکراوە.

هێڵکاری ژمارە (٧)
بەشداربوانی پرۆسەی ڕێکخستن لە سیستەمی سیاسی دیموکراتدا




سەرچاوە:

OECD, Regulatory Policy Regulatory Policy and Governance: Supporting Economic Growth and Serving the Public Interest, OP. Cit., p.72. ps132

بۆ دەرخستنی پەیوەندی نێوان بنەما و ئامرازەکانی حوکمڕانی دروست و ئەرکی ڕێکخستنی سیستەمی سیاسی، لە خشتەی ژمارە (٧)دا پشت بە داتاو زانیارییەکانی هەریەکە لە بانکی جیهانی (the World Bank) و ڕێکخراوی هاریکاری ئابوری و گەشەپێدان ( Organisation for Economic Co-operation and Development) بەستراوە، کە هەردوو ڕێکخراوەکە گرنگەیەکی زۆر بە بواری ڕێکخستن و ئەدای ڕێکخستنی وڵاتان دەدەن، ئەمە وێڕای گرنگیدانیان بە پێودانگەکانی حوکمڕانی دروست.

خشتەی ژمارە (٧)

ئاستی سەروەری یاسا و کوالێتی و نیشاندەری ڕێکخستنی چەند وڵاتێك بۆ ساڵی ٢٠١٥

| نیشاندەر* / وڵات | ئەمسا | چیلی | تورکیا | عێراق |
|---|---|---|---|---|
| سەروەری یاسا | ١,٨٦ | ١,٣٤ | ٠,١١- | ١,٤٢- |
| نیشاندەری ڕێکخستن | ٥ | ٣,٢٥ | ٢,٥ | ١,٥ |
| کوالیتی ڕێکخستن | ١,٧٩ | ١,٣٧ | ٠,٢٤ | ١,٢٤- |
| شەفافیەت | ٧,٩ | ٧ | ٤,٢ | ١,٦ |

سەرچاوە : بۆنیشاندەری ڕێکخستن بڕوانە:

World Bank, Global Indicators of Regulatory Governance available on: https://rulemaking.worldbank.org/en/data/comparedata/accessibility

- بۆ نیشاندەری شەفافیەت بڕوانە:

Taransparency international, corruption perceptions Index 2015 available on: https://www.transparency.org/cpi2015

- بۆ نیشاندەری سەروەری یاسا و کوالیتی ڕێکخستن بڕوانە:

World Bank Development Research Group, Worldwide Governance Indicators (WGI) project, available on : https://info.worldbank.org/governance/wgi/#doc-cross

گەر بەوردی بڕوانینە ئەنجامەکانی خشتەی ژمارە (٧) و بەراوردێکی نیشاندەرەکان لەگەڵ یەکتر بکەین، هەروەك لە هێڵکاری ژمارە (٧) شدا بەڕوونی دەرکەوتووە، ئەوەمان بۆدەردەکەوێت کە هەرکاتێك لە وڵاتێکدا ئامراز و نیشاندەرەکانی حوکمڕانی دروست لە ئاستێکی بەرزدابوو ئەوا بەهەمان شێوە ئاستی پرۆسەی ڕێکخستنیش لەو وڵاتەدا لە ئاست و ئەدایەکی باش و بەرزدا دەبێت، ئەمەش لەبەرئەوەی کە ڕێکخستن، وەك لە هێڵکاری ژمارە (٧) خراوەتەڕوو، ئەڵقەیەکە لە نێوان کارەکتەرەکانی سیستەمی سیاسی، و پەیوەندی و ئەرك و مافەکان ڕێکدەخات، بۆیە کاتێك شەفافیەت لە وڵاتێکدا هەبوو یان لە ئاستێکی باشدابوو ئەوا دەسڕاگەیشتنی لایەنەکان بە یاسا و ڕێسا و ڕێکارەکانی ڕێکخستن، لە ڕێگەی داتا و زانیارییە بەردەستەکان ئاسان دەبێت، کە ئەمەش پێش مەرجێکی باشی سەروەری یاسایە، کاتێك کە هاوڵاتی و ڕێکخراو و بزنسکارەکان ئاگاداری ناوەرۆکی ئەو یاسا و ڕێسا ڕێکخراوانەبن دەزانن چۆن مامەڵە لەگەڵ یاسا و ڕیسا ڕێکخەرەکان بکەن، بۆنموونە کاتێك دەوڵەت ناتوانێت ئاستی هاوردەی شمەکێك کە ڕکابەری بەرهەمی ناوخۆییە بوەستێنێت، یان کەمی بکاتەوە و بەشێوەیەکی بەردەوام و ڕێکخراو کۆنترۆڵی بکات، وەبەرهێنی

(*) نمرەی نیشاندەرکان جیاوازن ، بەڵام بەشێوەیەکی ڕێژەیی هەریەکەیان دەرخەری ئاستی وڵاتەکانن کە بۆ نیشاندەری ڕێکخستن لەنێوان (٠ بۆ ٥)ە، کە (٠) خراپترین و (٥) باشترینە، بەڵام کوالیتی ڕێکخستن لەنێوان (-٢,٥ بۆ ٢,٥) دایە، کە (-٢,٥) لاوازترین و (٢,٥) بە هێزترینە، هەرچی سەروەری یاساشە بەهەمان شێوەی کوالیتی ڕێکخستنە، شەفافیەتیش لەنێوان (٠ بۆ ١٠٠)ە، کە (٠) گەندەڵترین و (١٠٠) شەففافترین و پاکترینە، (بۆ دەرکەوتن لە هێلکاری چارتەکە بە ڕێژەی دەیی وەرگیراوە، واتە دەبێت کەرەتی (١٠) بکرێت بۆ نمرە ڕاستەقینەکە).

ناوخۆیی ئەو کاڵاو شمەکانە نازانن و ناتوانن بەشێوەیەکی دروست مامەڵە لەگەڵ نرخ و ئاستی بەرهەمهێنانیان و بازرگانییان بکەن، کە ئەمەش یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی هەژاری و دواکەوتن[(١)]، بەپێچەوانەشەوە کاتێك دەوڵەت بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا و یەکسان بەرنامەی ڕێکخستنی باج و نرخ و ڕێژەی هاوردە وهەناردەی شمەکە جیاوازەکان ڕادەگەێنێت و لە حاڵەتی ڕوداوی کتوپڕو و قەیراندا پاڵپشتی هەندێک کاڵا دەکات، لەو کاتەدا هەموو یان زۆرینەی ئەوانەی پەیوەندییان بەو ڕێسا و یاسای ڕێکخستنانەوە هەیە کاروبارەکانیان بە باشترین شێوە ڕێکدەخەن و بەرنامەڕێژی دەکەن، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بوژانەوەی ئابوری وڵات و زیادبوونی ئاستی گەشەپێدان و پسپۆڕیی و لێهاتوویی زیاد دەکات[(٢)].

هەروەها کواڵیتی ڕێکخستن لە وڵاتدا یارمەتیدەری باشی سیستەمی سیاسی دەبێت کە بەشێوەیەکی کاریگەرتر ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێت، دەکرێت ئەمەش لە میانەی وەرگرتنی نموونە لە هەموو شێوەکانی ڕێکخستن تێبینی بکەین، کاتێك لە وڵاتانی پێشکەوتووی خاوەن حوکمڕانی دروست، دەتوانرێت مامەڵەی دەرهێنان یان نوێکردنەوەی مۆڵەت بەکات و تێچوویەکی کەم (وەک ئەوەی لە حکومەتی ئەلکترۆنیدا هەیە) ئەنجام بدرێت، بەڵام لەوڵاتانی دواکەوتوو بەهۆی لاوازی سیستەمی سیاسی و نەبوونی ڕێکخستنێکی دروست هەر مامەڵەیەك لەم جۆرە مامەڵانە کاتێکی زۆر و تێچوویەکی زۆری هەیە، بە هۆی نەبوونی سەروەری یاسا و نەبوونی هەلی یەکسان بۆ بەدەستهێنانی مۆڵەت و ڕێگەپێدانەکان، زۆرجار توانای بەدەستهێنانی لەڕێگەی یاسایی و ئاساییەوە نیە و دەبێت ڕێگەی نادروست بگیرێتەبەر، بۆئەمەش پێدانی بەرتیل و ناسیاوی و مەنسوبییەت ڕۆڵی گرنگ و بەرچاو دەگێرن، کە سەرەنجام دەبێتە هۆکارێکی بڵاوبونەوە و بەهێزکردنی ڕەگەکانی گەندەڵی لە ناو دامودەزگا و لێپرسراوانی میریدا و لاوازکردنی ئەدای سیستەمی سیاسی لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانیدا. لە هێڵکاری ژمارە (٨) دا ئەم پەیوەندییەی نێوان سەروەری یاسا و کواڵیتی ڕێکخستن و نیشاندەری ڕێکخستن و شەفافیەت بەڕوونی دەردەکەوێت.

---

(1) USAID, Regulatory Reform, available on: https://www.usaid.gov/node/2125, Also looke this link: https://www.fsb.org.uk/standing-up-for-you/business-issues/regulation/regulatory-reform

(2) OECD Regulatory Policy Outlook 2018, OP. Cit., Pp.106-107.

هێڵکاری ژمارە (٨)

بەراوردی نمرەو ئاستەکانی سەروەری یاسا و کوالیتی و نیشاندەری ڕێکخستن و شەفافیەت لە چەند ولاتێك




سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بەسودبینین لە داتاکانی خشتەی ژمارە (٧)

لە گەڵ ئەمانەشدا، دیدگای ستراتیجی، کە ئامرازێکی حوکمڕانی دروستە، پەیوەندییەکی تەواوی بە ئەرکی ڕێکخستنی هەر سیستەمێکەوە هەیە، چونکە بە بوونی دیدگای ستراتیجی لە هەر ولاتێکدا یاسا و ڕێساکانی ڕێکخستنیش دەگۆڕێت (بە شێوەیەك دەبێت لە گەڵ دیدگا ستراتیجیەکە بگونجێت) بۆیە گەر ولاتێك خاوەن دیدگایەکی ستراتیجی ڕونبێت ئەوا دەبێت ریفۆرم و چاکسازی بەردەوام لە بواری ڕێکخستندا بکات تا لەگەڵ ئەو ستراتیجیەی کە هەیەتی بگونجێت، بۆنموونە لە ولاتێکی وەك فیللەندا کە ٤٠ ساڵە سیاسەتی ڕێکخستنی لە پێشکەوتنێکی بەردەوامدایە، بناغەی سیستەمی ساڵی ٢٠١٥ی لە ساڵی ٢٠٠٦وە داڕێژراوەو وەك کارنامەی حکومەت لە ساڵی ٢٠٠٧ پێشکەشکراوە، کە ئەویش بریتیە لە باشترکردنی پرۆسەی یاسادانان و شەفافیەت[1]. لەو ماوەیەدا توانیویەتی بەشێوەیکی باش کار لەسەر بەرزترکردنەوە و پاراستی ئاستی شەفافیەتی ولاتەکەی بکات، هەر وەك لە هێڵکاری ژمارە (٩)دا دەردەکەوێت.

(1) OECD, OECD Regulatory Policy Outlook 2015, OECD Publishing, Paris, 2015, p160.

هێڵکاری ژمارە (٩)
ریزبەندی شەفافیەتی فیلەندا لە نێوان سالآنی (٢٠٠٨ بۆ ٢٠١٥)




سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بە سودبینین لە راپۆرتی شەفافیەتی سالآنی (٢٠٠٨ بۆ ٢٠١٥) ی رێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی ، لەسەر ماڵپەری فەرمی ڕێکخراوەکە بڕوانە ئەم بەستەرەی لای خوارەوە:
https://www.transparency.org/

گەر تەماشای ئەو هێڵکارییەی لای سەرەوە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە وڵاتی فیللەندا کە یەکێکە لەو وڵاتانەی لەڕوی ڕژێم و سیستەمی سیاسیەوە لە وڵاتانی دیموکراتیە تەواوەکانە و پەیڕەوی ئامرازەکانی حوکمڕانی دروست دەکات، بۆیە توانیویەتی ئەو سیاسەتی ڕێکخستنەی هەیەتی بیخاتە خزمەت ستراتیجیەتی کارنامەی حکومەتەوە، وەك لە ریزبەندی ئەو وڵاتە لە بواری شەفافیەتدا دەردەکەوێت، کە توانیویەتی ساڵ بە ساڵ لە پلەی (٦)وە لەسەر ئاستی جیهان بیگەیەنێتە پلەی (١) و پاشان لە پلەی (٣)دا پارێزگاری لێبکات. بەمەش ئەو ستراتیجیەی کە ساڵی ٢٠٠٧ داڕێژاوە توانیویەتی تارادەیەکی زۆر لە ٢٠١٥ ئامانجی خۆی بپێکێت، کە ئەمەش بەبێ بوونی سیاسەتێکی ڕێکخستنی دروست و تۆکمە ناکرێت.

بۆیە لە کۆتایی ئەم تەوەرەدا دەتوانین بڵێین هەرکات ئامرازەکانی حوکمڕانی دروست لە وڵاتێکدا جێبەجێکرا و سیستەمێکی سەقامگیر و دیموکرات هەبوو، ئەوا دەوڵەت دەتوانێت پەیڕەوی سیاسەتێکی ڕێکخستنی دروست بکات، بەمەش سیستەمی سیاسی دەتوانێت بە شێوەیەکی باشتر و شەفافتر و کارامەتر ئەدای هەموو ئەو ئەرکانەیتربکات کە لە ئەستۆیەتی.

## لقی دووەم: حوکمڕانی دروست و ئەرکی ڕەمزی

ڕەمزەکانی حوکمڕانی گرنگن، چونکە کاتێك ماناوێت هەڵسەنگاندن بۆ کردەی هەر سیستەمێکی سیاسی بکەین دەبێت پێشوەخت بە شێوەیەك لە شێوەکان ڕەمزەکانیمان لابێت، ئەمەش لە چوارچێوەی ئەرکی ئەو سیستەمە کە کۆمەڵگا و بەکارهێنەرانی خزمەتگوزارییەکانی جۆشبدات بەو ڕەمزانەی کە دەچێتە خزمەت پرۆسەی جێبەجێکردن و متمانەبەخشین بە ئەرکەکانی لە پێناو بەرژەوەندی گشتی و چەسپاندنی هاودەنگی لە کۆمەڵگا بۆ پرسە سیادی و نیشتمانییەکان.

هەربۆیە ناسینەوەی سیاسەتی ڕەمزی دروست و نادروست کە بە بوونی فاعیلی خۆڕسك و زۆرەملێ لە یەکتر جیادەکرێنەوە گرنگە، چونکە سیاسەتی ڕەمزی وڵاتانی نادیموکرات و لاواز و دواکەوتوو لەگەڵ سیاسەتی ڕەمزی وڵاتانی دیموکرات و پێشکەوتووی خاوەن حوکمڕانی دروست جیاوازە و کاریگەریشیان لەسەر چۆنیەتی داڕشتن و ئەدای سیاسەتەکان هەر جیاوازدەبێت. ئەمەش دەکرێت لەڕێگەی بوونی متمانەی خەڵك بە سیستەم و سیاسەتکاران یان نەبوونی متمانە پێیان پێوانەی بکرێت، چونکە کاتێك سیاسەتە ڕەمزییەکان بۆ چەواشەکاری و بەلاڕێدابردنی داخوازییەکانی خەڵك و گەوجاندنیان بەکاردەهێنرێن، هاوڵاتیان ئاستی متمانەیان بەو سیستەم و سیاسەتکاران کەم دەبێت کە ئەدای ئەو جۆرە لە سیاسەت دەکەن، بەڵام کاتێك بە کردار، سیاسەتە ڕەمزییەکان لەگەڵ کردارەکان یەکانگیر دەبنەوە و دەچنە خزمەتی بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات و کۆمەڵگاوە، لەو کاتەدا هاوڵاتیان متمانەیان بە سیستەمەکانیان زیاد دەبێت و سیاسەتی ڕەمزی کاریگەری خۆڕسکانەی لەسەر خەڵك زیاددەبێت. ئەمەش واتای ئەوەیە کە متمانەی دروستی خەڵك زیاتر پەیوەستە بە بوونی دامودەزگای دیموکراتی کارا و چالاك و ئابوری کراوە و گەشەسەندووەوە، هەروەها پەیوەستیشە بە کەمبوونەوەی ڕێژی تاوان و گەندەڵی لە وڵاتدا[1].

متمانەش پەیوەندییەکی تەواوی بە وەڵامدانەوەی خێرای داواکارییەکانی هاوڵاتیانەوە هەیە، کە پەیوەندی نێوان سیستەمی سیاسی و هاوڵاتیان تۆکمە و بەهێز دەکات و دەبێتە هۆی پتەوەکردنی شەرعییەتی فەرمانڕەواکان و سیستەمی سیاسی و سەقامگیری و بەردەوامی بۆی.

لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری سیاسەتە ڕەمزیەکانی وڵات پەیوەستە بەو وتار و لێدوان و بەڵێنانەی کە دامودەزگاکانی سیستەمی سیاسی لەڕێگەی سیاسەتکارانەوە بە کۆمەڵگای دەدەن، چ وەك تاك و چ وەك گروپەکان، بۆیە سیاسەتکاران ئەوانەی نوێنەرایەتی دەزگاکانی سیستەمی سیاسی دەکەن لە ڕووی پێشەوەی ئەم سیاسەتە (سیاسەتە ڕەمزیەکان) و جێبەجێکردنیدان، هەربۆیە بۆ هەڵسەنگاندنی ئەدای دامودەزگاکانی وڵات لە ڕووی سیاسەتە ڕەمزیەکانەوە دەبێت بزانرێت کە هاوڵاتیان تا چەند متمانەیان بەو سیاسەتکارانە هەیە کە بەرپرسن لە داڕشتن و جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتانە، بۆیە لێرەودا پێویستە بەراوردێکی شیکاری لە نێوان ئاستی متمانەی هاوڵاتیان بە سیاسەتکاران لە چەند وڵاتێك بکرێت، تا بزانرێت لەو وڵاتانەی کە لە ڕووی جێبەجێکردنی بنەماکانی حوکمڕانی دروستەوە

(1) Bo Rothstein, The quality of government : corruption, social trust, and inequality in international perspective, The University of Chicago Press,2011, p147.

له ئاستێکی بەرزدان متمانە بە سیاسەتکاران زیاترە، کە متمانەبوون بە سیاسەتکاران تارادەیەکی زۆر دەرخەری متمانەبوونە بەو سیاسەتە ڕەمزییانەی کە ئەو سیاسەتکارانە ئەدای دەکەن، لە وڵاتانی فاشیل و لاواز و دواکەوتووشدا پێچەوانەکەی ڕاستە.

خشتەی ژمارە (٨)

ئاستی متمانەی گشتی بە سیاسەتکاران و نیشاندەرەکانی حوکمڕانی دروستی چەند وڵاتێك بۆ ساڵی (٢٠١٥)

| نیشاندەرەکان* / وڵاتەکان | فیلەندا | ئەڵمانیا | چیلی | تورکیا |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| متمانەی گشتی بە سیاسەتکاران | ٥,٧٢ | ٤،٧٥ | ٣،٣ | ٢,٨٥ |
| تێکرای نیشاندەرەکانی حوکمڕانی دروست | ١،٧٦ | ١،٥٤ | ١،٠٨ | ٠،٢٧- |

سەرچاوە : بۆنیششاندەری متمانەی گشتی بڕوانە:

world Bank, GovData360, Trust in Government available on: https://govdata360.worldbank.org/subtopics/h21acc114?country=CHL&countries=FIN,IRQ,DEU,TUR

بۆ نیشاندەرەکانی حوکمڕانی دروست بڕوانە:

World Bank Development Research Group, Worldwide Governance Indicators (WGI) project, available on : https://info.worldbank.org/governance/wgi/#doc-cross

بە ڕوانین لەو خشتەیەی سەرەوە دەردەکەوێت کە ڕێژەی متمانەی هاوڵاتیان و خەڵکی گشتی بە سیاسەتکارنی وڵات لەگەڵ گۆڕانکاری لە ئاستی ئەو وڵاتانە لە نیشاندەرەکانی حوکمڕانی دروستدا گۆڕانی هاوتەریبی بەسەردادێت، بۆنموونە وڵاتێکی وەك فیللەندا لە ئاستی نیشاندەرەکانی حوکمڕانی دروست لەنێوان ئەو وڵاتانەی بە نموونە وەرگیراون پلەی بەرزترینی هەیە کە (١،٧٦)ە بە تێکرایی، لە هەمانکاتدا متمانەی گشتی بە سیاسەتکارەکانی ئەو وڵاتە لە هەموویان زۆرترە کە (٥،٧٢)ە، هەموو نموونەکانیتریش وەك لە هێڵکاری ژمارە (١٠) خراوەتەڕوو بەهەمان شێوەن. کەواتە دەکرێت بڵێین هەرکاتێك نیشاندەرکانی حوکمڕانی دروست لە هەر وڵاتێك لە ئاستێکی بەرزدابوو، متمانەی گشتی بە سیاسەتکارانی ئەو وڵاتە زیاتر دەبێت، ئەمەش بە واتای ئەوەی کە سیستەمی سیاسی دەتوانێت بە شێوەیەکی باشتر ئەدای ئەرکە ڕەمزییەکانی بکات، هەرکاتێکیش وڵاتێك لە ئاستێکی لاواز و نزمی جێبەجێکردنی بنەماکانی حوکمڕانی دروستدابوو، ئەوا متمانەی گشتی بە سیستەم و سیاسەتکارانی دادەبەزێت و کەم دەبێتە، ئەمەش واتای بوونی کاریگەری خراپ لەسەر ئەداکردنی سیاسەتە ڕەمزییەکان لە لایەن سیستەمی سیاسیەوە دەگەیەنێت. بەڵام وێڕای بوونی ئەو پەیوەندییە بەهێزە لەنێوان سیاسەتی ڕەمزی و حوکمڕانی دروستدا، دەکرێت بۆ هەندێك وڵات حاڵەتی پشێوی و تایبەت و لەناکاو کە پێیدا تێدەپەڕێت بەهەند وەربگیرێت.

(*) نمرەکانی نیشاندەری متمانەی گشتی بە سیاسەتکاران لەنێوان (٠ بۆ ١٠ ) دایە، کە (٠) کەمترین و(١٠) زۆرترینە، هەرچی ئاستی نیشاندەرەکانی حوکمڕانی دروستیشە لەنێوان (-٢,٥ بۆ ٢,٥) دایە، کە (-٢,٥) لاوازترین و (٢,٥) بەهێزترینە.

هێڵکاری ژمارە (١٠)
ئاستەکانی متمانەی گشتی بە سیاسەتەکاران و نیشاندەرەکانی حوکمڕانی دروست لە چەند وڵاتێك لە ساڵی ٢٠١٥




سەرچاوە: ئامادەکردنی توێژەر بەسودبینین لە داتاکانی خشتەی ژمارە (٨)

ئەو هێڵکارییەی لای سەرەوە بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی حوکمڕانی  دروست و ئەدای سیاسەتە ڕەمزیەکانی سیستەمی سیاسی دەردەخات. لەکاتێکدا یەکێك لە بنەما سەرەکیەکانی حوکمڕانی دروست بریتیە لە کۆدەنگی کە ئامانجیش لە کۆدەنگی بریتیە لە دروستکردنی خاڵی هاوبەش و کۆکردنەوەیان بە ئاڕاستەی بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگا، کە ئەمەش لە چوارچێوەی سیاقی مێژویی و کلتوری و کۆمەڵایەتی گونجاودا نەبێت زۆر ئەستەمە دەستەبەربکرێت، ئەمەش کتومت ئەو ئەرکە ڕەمزییەیە کە سیستەمی سیاسی دەیەوێت پێی هەڵسێت، بەڵام ئەنجامدانی ئەمە لە وڵاتی نادیموکرات و دواکەوتوودا ئەستەمە، ئەویش بەهۆی نەبوونی کۆدەنگی لەپێناو ئامانجە گشتیەکانی وڵات، بۆنموونە لە عێراقدا لەدوای ساڵانی ٢٠٠٣وە زۆرێك لەو گوتارە زاڵانەی لە گۆرەپانی حوکمڕانییدا هەن گوتاری تائیفی و مەزهەبی و نەتەوەیی ڕوونن، بەجۆرێك خزمەت بەئاراستەی کۆدەنگی لەناو کۆمەڵگا و وڵاتدا ناکەن، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی کلتوری دیموکراتی و نەبوونی ستراتیجی کار لە دامودەزگاکانی دەوڵەت و لای بەرپرسەکانیش[١]، هەروەها بوونی گەندەڵی و لاوازی چاودێری و ناسەروەربوونی یاسا و نالێهاتوویی سیستەمی حوکمڕانی لە ڕاپەڕاندنی کاروبارەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان بەشێوەیەکی دروست، کە هەموو

(١) د.خالد عليوي العرداوي، ادرة الحكم في العراق رؤية الاستراتيجية لبناء نظام حكم الصالح، مركز الفرات للتنمية والدراسات الاستراتيجية، كربلاء، ٢٠١٢، ص٧٧.

ئەمانەش هۆکارن بۆ دروستبوونی بەرژەوەندی تایبەت و بەرتەسك لەنێوان گروپە مەزهەبی و ئیتنی و نەتەوەییەکان و بگرە سیاسەتکارانیش، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئینتمای نیشتمانی و گشتی لاوازبێت و ئینتما بو شوناسی بچوکتر جێگەی بگرێتەوە، هەر لەبەرئەوەش گوتارە ڕەمزییەکان گوزارشتن لەو گروپ و تائیفانە و ناچنە چوارچێوەی گوزارشتدان لە سەروەرییەکانی وڵاتەوە بەگشتی، بەڵام ئەم حاڵەتە لە وڵاتانی پێشکەوتوو تەواو پێچەوانەیە کە ئاڕاستەی کۆدەنگی لە گوتار و ئاڕاستەکردنی سیاسەتمەدارەکانیاندا ڕەنگیداوەتەوە بەهۆی بوونی کلتورێکی دیموکراتی دامەزراو و متمانەی بەهێزی کۆمەڵگا بە دامەزراوە و بەرپرس و سیاسەتکاران، هەموو ئەمەش - بە بەراورد لەگەڵ وڵاتانی فاشیل - دەبێتە هۆی زیادکردنی ئینتیمای نیشتمانی.

## دەرنجام:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە دەگەینە کۆمەڵێك دەرەنجام کە بریتین لە:

١- حوکمڕانی دروست بریتیە لەو شێوازە لە حوکمڕانی کە تێیدا بەشداری هاوڵاتیان و کۆمەڵگەی مەدەنی کارایە و پرۆسەی دروستکردنی بڕیار پرۆسەیەکی شەفافە، لەپیناو دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن بۆ هاوڵاتیان و چارەسەری کێشەکانیان بە شێوەیەکی کارامە و لێهاتوانە.

٢- سیستەمی سیاسی بریتیە لەو جۆرە پەیوەندی و کارلێکە بەردەوامەی کە لە نێوان کارەکتەرە فەرمی و نافەرمیەکاندا ڕوودەدات بە جۆرێك هەریەکەیان تەواوکەری ئەویتریانە و بەردەوامی بەیەك دەدەن، لە پێناو گەیشتن بە سازان لەسەر بەرژەوەندییە هاوبەش و ناکۆکەکانیان لە ناوخۆ، هەروەها بەهێز دەرکەوتن بەرامبەر دۆست و نەیارە دەرەکانیان.

٣- پەیوەندیەکی ڕاستەوانەیە لەنێوان ئامرازەکانی حوکمڕانی دروست و ئەرکی وەدەرهێنان وەك ئەرکێکی ئەدای مادی سیستەمی سیاسی هەیە، کە لە پەیوەندی نێوان سەروەری یاسا و توانستی حکومەت لەگەڵ ئاستی وەرگرتنی باج و بەکارهێنانی وەك داهاتی گشتی ناوخۆیی وڵات دەردەکەوێت، بەشێوەیەک لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە ئاستی سەروەری یاسا و توانستی حکومەت بەرزە، بەشداری باج لە داهاتی ناوخۆیی وڵات بەرزە، ئەوەش لەبەرئەوەی لەو وڵاتانە بەشێوەیەکی باش پرۆسەی وەرگرتن و کۆکردنەوە و گەڕاندنەوەی باج بۆ نێو داهاتی حکومەت ڕێکخراوە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکیترەوە یاسا سەروەری بۆتەهۆی ئەوەی زۆینەی خەڵکی نەتوانن خۆیان لە دانانی باج و گەڕانەوەی بۆ دەوڵەت بدزنەوە، کە ئەمش دەبێتە هۆی زیادبوونی داهاتی ناوخۆیی دەوڵەت و بەکارهێنانەوی لە گەشەپێدانی وڵاتدا.

٤- پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی لەنێوان ئەرکی دابەشکردن و دوبارە دابەشکردنەوەوە و ئامرازی یەکسانی کە یەکێکە لە ئامرازە هەرە سەرەکیەکانی حوکمڕانی دروست هەیە، بۆیە لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی لە ڕێژەی نیشاندەری یەکسانییدا ئاستێکی بەرزیان هەیە (واتە ئاستی گەشەپێدانی مرۆییان بەرزترە) بەهەمان شێوە لە ئاستی هەریەك لە نیشاندەرکانی وەك سەروەری یاسا و گەشەسەندی کۆمەڵایەتیدا لە ئاستێکی بەرزترن و هەژاریشیان لە ئاستێکی نزمتردایە، چونکە ئەو سیستەمانەی توانای بەیەکسانی دابەشکردنی هەل و شمەك و خزمەتگوزاریەکانیان نییە وڵاتانی دواکەوتوو لاواز و فاشیلن، بەڵام ئەوانەی کە توانای باش دابەشکردنیان هەیە (بە پێی ڕێژەی ئاستەکانیان) لە وڵاتانی پێشکەوتوو و سەقامگیر و خاوەن حوکمڕانی دروستن.

٥- هەرکات ئامرازەکانی حوکمڕانی دروست لە وڵاتێکدا جێبەجێکرا و سیستەمێکی سەقامگیر و دیموکرات هەبوو ئەوا دەوڵەت دەتوانێت پەیڕەوی سیاسەتێکی ڕێکخستنی دروست بکات، بەمەش سیستەمی سیاسی دەتوانێت بە شێوەیەکی باشتر و شەفافتر و کارامەتر ئەدای کۆی ئەو ئەرکانەیتر بکات کە لە ئەستۆیدان.

٦- بەشێوەیەکی گشتی پەیوەندی تەواو لەنێوان حوکمڕانی دروست و ئەدای سیاسەتە ڕەمزیەکانی سیستەمی سیاسی هەیە، بەتایبەتیش ئامرازی کۆدەنگی کە یەکێکە لە ئامرازەکانی

حوكمڕانی دروست و بریتیه له دروستکردنی خاڵی هاوبەش و کۆکردنەوەیان لەپیناو بەرژەوەندی گشتی، کە ئەمەش لەوڵاتانی دیموکرات و خاوەن سیستەمێکی حوکمڕانی دروست دەتوانرێت بەشێوەیەکی باش و دروست ئەدابکرێت، ئەمە لەکاتێکدا کە لە وڵاتی نادیموکرات و دواکەوتوودا ئەستەمە ئامانجەکانی خۆی بەدەستبهێنێت.

٧- بەپێی کۆی خاڵەکانی سەرەوە دەتوانین بڵێین کە حوکمڕانی دروست کاریگەری لەسەر چالاکردنی ئەرکەکانی سیستەمی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی هەیە، لە ناویشیاندا ئەرکە ئەدائییەکانی سیستەمی سیاسی، لەگەڵ بونی جیاوازی ڕێژەیی لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکیتر.

## لیستی سەرچاوەکان:


**سەرچاوە کوردییەکان:**

١. ستیڤن ئێم. ئاڕ. کۆڤی و ڕیبیکا ئاڕ . میریڵ، وەرگێڕانی: شێرکۆ عبدالله، خێرایی متمانە ئەو تاقە شتەی کە هەموو شتێك دەگۆڕێت، هیوا فاوندەیشن، ٢٠١٧.

**سەرچاوە عەرەبییەکان:**

١. أحمد سليم البرصان، علم السياسة ، دار زهران، ٢٠١٥.

٢. د.خالد عليوي العرداوي، ادرة الحكم في العراق رؤية الاستراتيجية لبناء نظام حكم صالح، مركز الفرات للتنمية والدراسات الاستراتيجية، كربلاء، ٢٠١٢.

٣. عبد الوهاب علوب، معجم المصطلحات السياسية، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ٢٠١١.

٤. عبير مصلح، النزاهة والشفافية والمساءلة في مواجهة الفساد، الائتلاف من أجل النزاهة والمساءلة، رام الله، ط٣، ٢٠١٣.

٥. عمل جماعي، الظلم في العالم العربي والطريق الى العدالة، مركز دراسات الوحدة العربية، لبنان، ٢٠١٨.

٦. كريم فرمان، في كيفية عمل النظام السياسي، دار العربية للموسوعات، بيروت، ٢٠٠٩.

٧. د. كمال المنوفي، نظريات النظم السياسية، وكالة المطبوعات، الكويت، ط١، ١٩٨٥.

٨. مها عبد اللطيف الحديثي، محمد عدنان الخفاجي، النظام السياسي والسياسة العامة، مركز الفرات للتنمية والدراسات الاستراتيجية، ٢٠٠٦.

٩. د. نعمان احمد الخطيب، الوجيز في النظم السياسية، دار الثقافة للنشر والتوزيع، عمان، ط٢، ٢٠١١.

**سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

**Books:**

1. Bo Rothstein, The quality of government: corruption, social trust, and inequality in international perspective, The University of Chicago Press, 2011.
2. Oliver, W. Richard, what is Transparency? McGraw hill, New York, 2004.
3. Nirmal Kumar, public sector management, John Hopkins University, USA,2016.
4. Jason C. Myers, The politics of equality an introduction, Zed Books, London and New York, 2010.
5. Mark Bevir, Encyclopedia of Governance, SAGE Publications, London, 2006.
6. Robert Dahl, Modern Political Analysis, Prentices Hall, New Delhi, 2nd Edition, ND.
7. G. Almond, A Functional Approach to Comparative Politics in G. Almond and J. Coleman, eds. Politics of the Developing Areas, New Jersey, Princeton University Press, 1960.

8. Michael Hill, The Public Policy Process, fourth edition, England, 2005.
9. Thomas R. Dye, Understanding Public Policy, Pearson, 14th Ed, 2013.
10. G. Bingham Powell, Jr. and others, Comparative Politics Today a World View, eleventh edition, Pearson education limited, 2015.
11. Belkacem Laabas and Imed Limam, Impact of Public Policies on Poverty Income Distribution and Growth, Arab Planning Institute, Kuwait, 2004.
12. Patricia Kennett, Governance, Globalization and Public Policy, Edward Elgar, 2008.
13. Marc Allen Eisner, Jeff Worsham, and Evan J. Ringquist, Contemporary Regulatory Policy, 2nd edition, Lynne Rienner Publishers, 2006.

**Researchs:**

1. Dennis A. Rondinelli and others, Public Administration and Democratic Governance: Governments Serving Citizens, A United Nations Publication, USA, 2007.
2. Immanuel Ness, Encyclopaedia of Interest Groups and Lobbyists in the United States, M.E. Sharpe, New York, Volume Two, 2000.
3. Sadanandan and others, Calicut University, Comparative Political Systems, India, 2013.

**Reports:**

1. Good Governance Guide, Governance Institute of Australia 2016.
Oxford University Press, 1997.
2. IFAD, Good Governance: An Overview, Executive Board – Sixty-Seventh Session, Rome, 8-9 September 1999.
3. OECD Regulatory Policy Outlook 2018, OECD Publishing, 2018.
4. OECD, OECD Regulatory Policy Outlook 2015, OECD Publishing, Paris, 2015.
5. OECD Regulatory Policy Regulatory Policy and Governance: Supporting Economic Growth and Serving the Public Interest, OECD Publishing, 2011.
6. Oxford Poverty and Human Development Initiative, Global Multidimensional Poverty Index 2018: The Most Detailed Picture to Date of the World's Poorest People, University of Oxford, UK, 2018.
7. UNDP, Governance for Sustainable Development, New York, 2014.
8. UNDP, Governance Principles, Institutional Capacity and Quality, New York, 2011.

9. UNDP Report, Governance for Sustainable Human Development, new York,
10. UNDP, The Arab Human Development Report, New York, 2002.
11. World Bank, Governance and Development, World Bank Publication, Washington, 1992.
12. United Nations Volunteers (UNV) programme, the thread that binds Volunteerism and community resilience, 2018 State of the World's Volunteerism Report.

**Websits:**

1. The Governance of Higher Education, available on:
https://www.codesria.org/IMG/pdf/3-_the_governance_of_higher_education.pdf?8662/af6940f7bbfef129fbb5117e9b2a9341b3e1ea69#targetText=In%20addition%2C%20good%20governance%20is,is%2Dgood%2Dgovernance%2F
2. Transparency international, overview, available on:
https://www.transparency.org/whoweare/organisation
3. What is rule of low available on:
https://www.un.org/ruleoflaw/ar/what-is-the-rule-of-law/
4. USAID, Regulatory Reform, available on: https://www.usaid.gov/node/2125
Also look this link:
https://www.fsb.org.uk/standing-up-for-you/business-issues/regulation/regulatory-reform
5. Governance, available on: https://ctgoodgov.com/about-good-governance/the-eight-attributes-of-good-governance/
6. UNESCAP, What is Good Governance?, Available on:
http://www.unescap.org/sites/default/files/good-governance.pdf
7. UNDP, Human Development Indicators and Indices 2018 Statistical Update: Reader's Guide available on: http://hdr.undp.org/en/content/human-development-indicators-and-indices-2018-statistical-update-readers-guide
8. Social Progress Imperative, Social Progress Index available on:
https://www.socialprogress.org/index/global
9. World Bank Development Research Group, Worldwide Governance Indicators (WGI) project, available on: https://info.worldbank.org/governance/wgi/#doc-cross